# Melbend

## دەستەی نووسین

سەربەست کەرکووکی
عەتا موفتی

دەستەی پشتیوانیی دارایی ئەم ژمارەیە:
**بەڕێزان د. کوردۆ بەسیم، گوڵاڵە میراودەلی، شۆڕش حاجی و پرۆفیسۆر دلاوەر عەلائەدین**

سوپاس و پێزانین
مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی زۆر سوپاسی هاوکاری و پشتگیریی دەستەی پشتیوانیی دارایی، کۆمپانیای «ئەسعەدی» و بەڕێزان سلێمان و شەهلا ئەسعەدی، ڕێستورانی ئەزمڕ، نووسینگەی سۆما و نووسینگەی سارا دەکات.
بە هاوکاریی ئەو بەڕێزانە توانیمان ئەم ژمارە ڕازاوەیەی «مەڵبەند» بخەینە بەر دەستی ئێوەی هێژا.

## مەڵبەند

## Kurdish Cultural Centre (KCC)

The Kurdish Cultural Centre (KCC) was founded in 1985 to assist Kurdish refugees in the U.K. and abroad and advance education and knowledge, especially in the field of the Kurdish culture, in order to preserve and promote the heritage of the kurds.

**Melband**
Melband is produced quarterly by The Kurdish Cultural Centre. All opinions expressed in Melband are those of individual authors and not necessarily the Kurdish Cultural Centre's.

ناونیشانی مەڵبەند

**Kurdish Cultural Centre (KCC)**
14 Stannary Street
London SE11 4AA
Tel: 020 7735 09 18
Fax: 020 7582 88 94
Email: admin@kcclondon.org
www.kcclondon.org

## مەڵبەند

بڵاوکراوەیەکی وەرزیی ڕۆشنبیریی گشتیی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردە لە لەندەن

مەڵبەند دەستگایەکی ڕۆشنبیری – کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردە لەم وڵاتەدا. ڕێکخراوێکی چارەتی، سەربەخۆیە، بۆ ئەم ئامانجە سەرەکییانە لە ساڵی ١٩٨٥ەوە دامەزرێنراوە:
١– یارمەتیی پەنابەرانی کورد لە بریتانیا.
٢– پاراستن و گەشەپێدانی فەرهەنگ، زمان، ئەدەبیات، کولتوور و هونەری گەلی کورد.
٣– پشتگیریکردنی کێشەی نەتەوایەتیی کورد بە شێوەیەکی گشتی.

ئابوونەی بەشداریی ساڵانە
بریتانیا: ١٤ پاوەند
ئەوروپا: ٢٠ پاوەند
وڵاتانی تر: ٣٠ پاوەند

دیزاینی ڕووبەرگ
ئەکی بابەمیری

پیتچنین و دیزاین:
بنکەی چاپ و پەخشی ئاورا
www.aura-publishit.com

# ناوەڕۆک




برووسکەی پیرۆزبایی... ل٦



یادی ۱۰۷ ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردی... ل٧



ئەحمەدی ئەسکەندەری

ڕۆژنامەگەریی کوردی، کۆمەڵگای مەدەنی و ... ل٨



پشکۆ نەجمەدین

ئێستای بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردی «کێشە و... ل١١



ستران عەبدوڵڵا

ئامۆژەیەک بە باری شرۆڤەکاریی سیاسی لە... ـ ل١٣



قەرەنی قادری

کوردستانی ئێران و بزووتنەوەی ئامرازی... ل١٥



هۆڵی کۆبوونەوەکانی پەرلەمانی کوردستان



نووسینی: هەرێم جاف

نیمچەسەرنجێک لە یادی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا ... ل١٦





نووسینی: کەریم مستەفا

ئایا هەردوو ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و خەبات... ل١٧



نووسینی: ئاشتی شەریف

ئەزموونی ڕۆژنامەی کوردیی دوای ڕاپەڕین... ل١٩

گوڵەوەچنی... ل٢٠



نووسینی: ڕەنجۆ هورمزیار

بڵاوکراوەی «مەڵبەند» کاروانی سووربوون... ل٢١

# ناوەڕۆک




دیمەنێکی فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی


فەرهاد شاکەلی

ڕۆژی حەوتەم، چوار لاپەڕە، کەناڵێکی تازە و... ل٢٦


عەدنان موفتی

سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان: جێبەجێکردنی... ل٣١


فوئاد مەعسوم

گفتوگۆ لەگەڵ د. فوئاد... سەربەست کەرکووکی... ل٣٦


زەید موحسینی ـ بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی هەولێر

هیوامان وایە ساڵانە زیاتر لە ١,٥ملیۆن گەشتیار... ل٤٠


نووسینی: ئاوات نامیق ئاغا

سینەمای کوردی و پێداچوونەوەیەکی سەرەتایی... ل٤٣

نووسینی: پشکۆ نەجمەدین

لەگەڵ هونەرمەند خالید ڕەشیددا.. ل٥٥

وەرگێڕانی: ئەنوەر سوڵتانی

شەڕەکانی دژی سەدام... ل٥٦

ئاییندەی چارەنووسسازی کورد لە دیدی... ل٥٩

ڕانانی کتێب: مەڵبەند

ـ پیاو نامە... ل٦٠


ـ ستایش... ل٦١

ـ پەنجەرەکان... لە ناوەوە... ل٦٢

ڕانانی کتێب: ئالان سوڵتانی

ـ عێلی بارزان... ل٦٣
ـ گۆڤاری شاکار... ل٦٦
ـ ئاواز... ل٦٦

شیعر:

ـ خۆشەویستی... خەبات عارف... ل٦٧


ـ ٣ شیعر... بێریڤان دۆسکی... ل٦٨

ـ ئاهەنگێک بۆ سەرکەوتنە سیاسییەکانی... ل٦٩

ـ ڕیسواکردنی تێرۆریستان و... ل٧١


ـ یادێک لە ماندووییناسێک... ل٧٣

نووسینی: شێرزاد شێخانی

ـ لە هەگبەوە... پێشمەرگەی تەقاویت... ل٧٤

# برووسکەی پیرۆزبایی





**بەڕێزان ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان**

وێڕای ڕێز و سڵاومان، هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

**بەڕێزان:** بە ناوی "کۆمیتەی هاوبەشی ڕێکخراوە کوردییەکانی بریتانیا"ەوە، بەگەرمی پیرۆزبایی لە ئێوەی بەڕێز و گەلی کوردمان دەکەین، بە بۆنەی هەڵبژاردنی بەڕێز "مام جەلال تاڵەبانی"، بە سەرۆککۆماری عیراقی فیدراڵ.
بە بڕواوە دەڵێین، مایەی خۆشحاڵیی هەموو ئەندامێکی نەتەوەکەمانە، لە کوردستان و هەندەران، کە بەڕێز مام جەلال، توانی لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە، وەک نوێنەری کورد و لیستی هاوپەیمانیی کوردستان، پۆستی سەرۆککۆماری عیراق بە دەست بهێنێت و ببێتە یەکەم کەسایەتیی کورد لە مێژووودا کە ئەو پۆستە گرنگە وەربگرێت.
ئەمڕۆ، دەبینین بەری ڕەنج و خەبات و تێکۆشانی میللەتەکەمان، لە گشت سووچێکی ئەم جیهانەدا، دەنگی داوەتەوە و بووەتە مایەی خۆشحاڵی و سەربەرزی دۆستەکانی گەلەکەمان و تۆمارکردنی مێژوویەکی مەزن بۆ نەتەوەکەمان.
دیارە ئەم دەستکەوتە مەزنە، ئاکامی یەکهەڵوێستی، یەکدەنگی سەرجەم حزب و لایەنە سیاسییەکانی کورد و خەڵکی بەئەمەک و بەشەرەفی گەلەکەمانە، لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان. ئەرکی هەموو لایەنە سیاسییەکانی کورد و کوردستانە، ئەم یەکڕیزی و کۆدەنگییە بپارێزێت، تا گەلەکەمان لەو ڕێیەوە بتوانێت مافە پیرۆزەکانی بە دەست بهێنێت.

دووبارە پیرۆزبایی لە بەڕێز مام جەلال و لە ئێوەی تێکۆشەر، خەباتگێڕ و ماندوونەناسی گەلەکەمان و خۆمان و هەموو میللەتی کوردمان دەکەین، لە کوردستان و دەرەوەی وڵات.
نەمری و سەربەزیی بۆ سەرجەم شەهیدانی گەلەکەمان و بە هیوای ئاییندەیەکی گەش، بۆ گەلی کوردمان لە عیراقی فیدراڵیدا.

لەندەن
٢٠٠٥/٤/٨

**بەڕێزان ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی پارتیی دیموکراتی کوردستان**

**بەڕێزان:** بە ناوی "کۆمیتەی هاوبەشی ڕێکخراوە کوردییەکانی بریتانیا"ەوە، ئا لەم ڕۆژە مێژووییەدا بەگەرمی پیرۆزبایی لە ئێوەی بەڕێز و گەلی کوردمان دەکەین، بە بۆنەی هەڵبژاردنی بەڕێز "مەسعود بارزانی"، بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان.
مایەی خۆشحاڵیی نەتەوەکەمانە، لە کوردستان و هەندەران، کە بە کۆی دەنگ و ڕەزامەندیی سەرجەم هێزە سیاسی و حزبییەکانی باشووری کوردستان و جەماوەری گەلەکەمان، بەڕێز کاک مەسعود بارزانی ببێتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بۆ یەکەم جار لە مێژووی نەتەوەکەماندا بە ئازادی و بە شێوەیەکی دیموکراتییانە، گەلەکەمان توانی نوێنەری خۆی هەڵبژێرێت.
هاوکات مایەی سەربەرزیی و خۆشحاڵیی هەموو ئەندامێکی نەتەوەکەمانە، کە پەرلەمانێکی یەکگرتوو، لە باشووری وڵات دەستبەکار بووە و نوێنەرایەتیی سەرجەم چین و توێژەکانی گەلەکەمان دەکات، بە سەرۆکایەتیی بەڕێز کاک عەدنان موفتی.
هێزە سیاسییەکانی کورد بەتایبەتی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و پارتیی دیموکراتی کوردستان، ئەو ڕاستییەیان سەلماند، کە بەرژوەندیی نەتەوەکەمانیان، خستە پێش بەرژەوەندیی حزبیی و شەخصییەوە و بەوپەڕی لەخۆبووردنەوە، چارەسەری ناکۆکیی و جیاوازیەکانیان کرد و ئەمجارە هەموو بەرژەوەندییە حزبییەکانیان کردە قوربانی بەرژەوەندیی گەلەکەمان و توانیانیان ئەم بەرهەمە مەزنە، بۆ گەلەکەمان بە دەست بهێنن و بەم هەنگاوە سەری خۆیان و نەتەوەکەمانیان بەرز کردەوە.
بەو هیوایەی هەردوو ئێدارەی هەولێر و سلێمانی، هەرچی زووتر یەک بخرێنەوە و وەک حکوومەتێکی یەکگرتوو بخرێتەوە گەڕ و ماڵی کورد بە شێوەیەک ڕێک بخرێتەوە کە شایانی ئەوە بێت، بە کەسوکاری شەهیدان و خەباتگێڕانی گەلەکەمان، بڵێین: ئەوە بەری ڕەنجی ئێوەی بەشەرەف و فیداکارە، خەباتی بێوچان و ماندوونەناسی ئێوەی بەڕێزە، ئێمەی بەم یەکبوون و یەکدەنگی و یەکڕیزیی و یەکحکومەتییە گەیاندووە. هەر ئەو یەکبوونییەش بوو لەنێوان ڕۆڵەکانی گەلەکەمان و حزب و هێزە سیاسییەکانی کوردستان، کە بەڕێز تاڵەبانی کردە سەرۆککۆماری عیراق و بارزانیش سەرۆکی هەرێمی کوردستان.
با پێکەوە بەوپەڕی دڵسۆزی و لەخۆبووردنەوە، ئەم دەستکەوتە مەزنانە بپارێزین و بەرەو پێشەوەی بەرین و کاروانی پرسەروەری گەلە شۆڕشگێڕەکەمان، بەرەو ئاستێکی بەرزتر ببەین و کەرکووکی دڵی کوردستان و بەشە داگیرکراو و بەعەرەبکراوەکانی تری باشووری کوردستان، بگەڕێنینەوە ئامێزی خاکی پیرۆزی کوردستان.
دووبارە پیرۆزبایی لە بەڕێز کاک مەسعوود بارزانی و لە ئێوەی تێکۆشەر، خەباتگێڕ و ماندوونەناسی گەلەکەمان و خۆمان و هەموو میللەتی کوردمان دەکەین، لە کوردستان و دەرەوەی وڵات.
نەمری و سەربەزیی بۆ سەرجەم شەهیدانی گەلەکەمان.
بە هیوای ئاییندەیەکی گەش، بۆ گەلی کوردمان. شەکاوە بێت ئاڵای کوردستان.

لەندەن
٢٠٠٥/٦/١٢

**"کۆمیتەی هاوبەشی ڕێکخراوە کوردییەکانی بریتانیا"**

- مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن
- کۆمەڵگای کورد
- دەستگای خانووبەرەی کورد لە بریتانیا
- بنکەی پەنابەرانی کورد لە بریتانیا (کیا)
- ڕێکخراوی پەککەوتەکانی کورد لە بریتانیا
- ڕێکخراوی کوردەکانی ناوچەی گرینچ - لەندەن

# یادی ١٠٧ ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردی



عدد ١ — سالا اوّلي — ژومر ١

# كردستان

١٣١٥

عنوان
مصرده كردستان غزته‌سي
صاحب ومحرري بدرخان
پاشا زاده
﴿ مقداد مدحت ﴾
مرطبعده . . . ادلمنه كردستان
ولات مكاتب ارسال وپستادرابه
قرئت اسباكتر وتسمير اوكه بقلدر
كردستان خارجنه هر بر
ابونه سنه‌لك ابونه بدلي
٨٠ غروشدر
كردستان داخلنه خصوصي
اشتهالره مجانا كوندريلور

خجي كاغذيك ني ربكه
دي ريكيّ مصري سز
ناف خوي في جريده‌يي
لاي بدرخان پاشا
مقداد مدحت بكي
هر جار دو هزار جريده‌يا
بي بره ازسه ربكم
كردستاني دبدين حاكي
پازده روژا جاركي تيت
تيساندن

﴿ كردلري ايقاظ وتحصيل صنايعه تشويق ايچون نشر ايديلك ﴾

﴿ اون بش گونده بر نشر اولنور كرديجه غزته‌در ﴾

﴿ روژا پنجشنبه‌ده ٣٠ ذوالقعده سنه ١٣١٥ پنجشنبه في ٩ نيسان سنه ١٣١٤ ﴾

بسم الله الرحمن الرحيم

صد هزار شكر وحمد ژ خدى تعالى‌ره آم سالِت خلق ديكرن . وطائيتا علم ومعرفتيره عقل وزكا دايه . دو حقا عليا اونا علم ومعرفتيره گلك آيتين جليله واحاديث شريفه هنين . دنيايده پيغاس مسلمان هين گوندو باژيرين حيادا مكتب ومدرسه وجريده هنن . دنيايده چه دبه چه نابه جريده دقيين . حيفاس تيت ژ كردار گلك ژ گلك قوما زيده‌تر خوي عقل وزكانه . جاميرن ديئين خودره راست وتوبه خورتين ودنيا وگه قومين دي نه خوندانه نه زانن دنيايده چه دبه جيراين وان موسقوف جاوه‌يه ري چه بكه بظالين اونا ويهشديده من اڤ جريده پاها تيسي . يادتا خدى تعالى بژش تيو هر پازده روژاده جاركي ازي جريده‌كي بقيسم . ناف في من كريه ( كردستان ) في جريده‌يده ازي يڤنا قميا علم ومعرفتا بكم يكوردي معروف دبكله يكوردي مدرسه ومكتبين قنج هنه ازي نيشا كردا بكم لكوردي چه شر دبه دولتين معظم چه دكن چاوه شر دكن تجارت چاوه دبه ازي حيا حكايت بكم حتى هو كسي جريده‌كي هولي نقيسيه اڤ جريده‌يا منا ها يا اوّلي‌يه لوما وي گلك كيماي هنين . ازهيڤي دكم كيماي جريده‌يي ژمنره بنفيسن حي تشت وكي نو چه دبين بكين پاشي يهنكي دجه دكوزه ريده آقه ايدي ازي دست مقصدي بكم . ( ومن الله التوفيق )

حضرت پيغمبر عليه الصلوة والسلام گوتيه « العلماء ورثة الانبياء » انكو علما وارثين انبيانه ژ طرفي خدي‌ده مامورن وعظ ونصيحتي بدن خلكي ريا قنج نيشا وان بكن لوما گي علمايين كردا چاره اون وعظ ونصيحتا بدن دين ولي درفي اون مير واغا وكرماجين دلين وان نشرتا عالينا علم ومعرفتي بكن ريا قنج نيشا وان بكن مكو اون وي نكن گنهي حيا سطوي وريه

ڕۆژنامەی کوردستان ١٨٩٨/٤/٢٢

# ڕۆژنامەگەریی کوردی، کۆمەڵگای مەدەنی و یەکسانیخوازی

## ئەحمەد ئەسکەندەری

سەدوحەوت ساڵ پاش دەرچوونی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی، پێشکەوتنی تەکنیکی ئەلکترۆنی وایکردووە کە هەموو دونیا بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستانیشەوە لە هەڵومەرجێکی تایبەتدایە. ئەگەر جاران زۆری پێدەچوو هەتا کاردانەوەی وتارێک، هەواڵێک و نووسراوەیەک لەناو ژمارەیەکی کەمی خوێنەراندا بزانرێت، ئەوا ئێستا بەخێرایی لێکدانەوە و بۆچوونی ژمارەیەکی بەربڵاوی خوێنەران دەتوانێت بگاتە دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەکە. ئەویش نەک هەر بۆ نووسینگە و بە ناوونیشانی پۆستی ڕۆژنامە، بەڵکو بە ئیمەیل ڕاستەوراست بۆ نووسەر، ئەمجا لە ماڵەوە یان بۆ هەر شوێنێک کە ئینتەرنێتی لێ بێت، با ئەو شوێنە شارەکەی خۆی و تەنانەت وڵاتەکەی خۆیشی نەبێت!

خودی ئەم دیاردەیە ئەوە دەخوازێت کە ڕۆژنامەنووس و ڕۆژنامەوان گرنگییەکی زیاتر بدەن بە نووسینەکانی و بەمەش ئەوان زۆر زیاتر لە جاران پێویستیان بە لێزانی و لێهاتوویی و زاڵبوونە بەسەر بابەتەکانیاندا ئەگەر بێت و بیانەوێت خاوەنی کۆمەڵێک خوێنەر بن کە بەتامەزرۆییەوە نووسینەکانیان بخوێننەوە. پێویستە ئەوەش بگوترێت کە پەرەگرتنی نووسینی ئەلکترۆنی دیاردەیەکی دیکەشی لەگەڵ خۆی هێناوە کە ئەویش هاتنەمەیدانی کۆمەڵێک قەڵەمبەدەستە کە بێ گوێدانە ناوەڕۆک و بەبێ نیشانەگرتنی خوێنەرانێکی تایبەت "شەلم، کوێرم ناپارێزم!" دەنووسن و بڵاو دەکەنەوە و بەداخەوە زۆرجاریش بۆیان بڵاو دەکرێتەوە.

ئەوە ڕاستە کە زۆربەی ڕۆژنامەکانی جیهانیش چوونەتە سەر ئینتەرنێت، بەڵام هێشتایش کەم نین گۆڤار و ڕۆژنامەی مانگانە و هەفتانە و ڕۆژانەش کە بەردەوام لە ڕێگای پۆستەوە دەگەنە دەستی خوێنەران. ژمارەیەکی زۆر لە ڕووناکبیران و خوێنەرانی بەردەوامی کتێب و ڕۆژنامە لە وڵاتانی ئەورووپا بەخۆشییەوە ئابوونەی ئەم چەشنە چاپەمەنییانە دەبن.

هەر لێرەشدا ئەوە بڵێم کە خوێندنی



ئەحمەد ئەسکەندەری

ڕۆژنامە پەیوەندییەکی نزیکی هەیە لەگەڵ خوێندنەوەی کتێبدا و لە وڵاتانی دەرەوە زۆربەی ڕۆژنامەخوێنەکان لە هەمانکاتدا کتێبخوێنیشن. هەربۆیە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا گرنگی دەدرێت بە ڕانان و ناساندنی کتێبی تازە و هتد.


هەڵبەت لە کوردستان کتێبخوێندنەوە و ڕۆژنامەگەریش، وەکو هەموو دیاردەکانی کۆمەڵگا، مۆرکی نەبوونی حکوومەت و کیانێکی سەربەخۆی کوردی پێوە دیارە. سەرەڕای ئەوەش و بەتایبەت لەوەتی ئەزموونی باشووری کوردستان هەیە چاوەڕوانییەکان چوونەتە ئاستێکی باڵاترەوە و ئیتر ناکرێت هەروەکو ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی دەستەڵات چاوی لێ بکرێت. بەڵام لە کوردستانیش ڕۆڵی دەستگاکانی ڕاگەیاندن، سەربەخۆیی ڕۆژنامەنووس و پەیوەندی نێوان دەستەڵات و بەرپرسانی دەستگاکانی ڕاگەیاندن، هەر هەمان کێش و گرنگی هەیە کە لە وڵاتانی سەربەخۆدا هەن. بە واتایەکی تر، ناکرێت دانانی کەندوکۆسپ بۆ سەر میدیا و ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان پاساوی سەربەخۆنەبوونی کوردستانی بۆ بهێنرێتەوە.

زۆرجار لە کوردستان باس لە کۆمەڵگای مەدەنی دەکرێت و بەتایبەت لەلایەن دەستەڵاتدارانەوە جەخت لەسەر پەرەگرتویی ئەم چەشنە کۆمەڵگایە دەکرێت؛ ئەمە لەکاتێکدا کە زۆرجار ئەوە خودی دەستەڵاتە کە دەستگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی دادەمەزرێنێت. (نموونەی دانانی NGO زۆر بەرچاوە کە لەباتی ئەوەی لەلایەن خەڵکەوە دایمەزرێنن و ئەوانیش لە بەرانبەر خەڵکدا وەڵامدەرەوە و بەرپرس بن. ئەم ڕێکخراوانە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ گرێدراوی دەستەڵاتی سیاسین)، بەڵام چۆن دەکرێت بوونی کۆمەڵگای مەدەنی لەگەڵ چاپەمەنی و میدیای ئازاد لێک جودا بکرێتەوە. هەر لێرەشەوە دیاردەی سانسۆر و خۆسانسۆرکردن دێتە ئاراوە کە تایبەتە بەو بەشەی ڕۆژنامەگەری کە بە بودجەی تەرخانکراوی دەستەڵاتەوە درێژە بە کاروباری خۆی دەدات.

گرنگترین بەشی ڕۆژنامەگەری، بەتایبەت لە کۆمەڵگایەکی کراوە و مەدەنیدا، دەستئاوەڵابوونی ڕۆژنامەنووسانە لە هەڵبژاردنی بابەت و توانایی ئەوانە لە ڕەخنەگرتن لە دەستەڵات و بەرپرسانی حزبی و حکوومی و دامودەستگاکان. بەڵام ئایا لە کوردستان تا چ ڕادەیەک ئەوە بە دی دەکرێت؟ لە کاتی هەبوونی ڕووداوێکی گرنگدا ئەوە نەک ڕۆژنامەنووسانن کە بەر دەرگای بەرپرسان و سەرچاوەکانی زانیاریی دەستەڵات دەگرن و دەیانخەنە ژێر پرسیاری جۆراوجۆرەوە بۆ ئاگادارکردنی جەماوەر لە ڕاستی ڕووداوەکە، بەڵکو «سەرچاوەیەکی ئاگادار» لەلایەن حزب یان دامودەستگایەکەوە «پەیوەندی دەگرێت» لەگەڵ ڕۆژنامە یان کەناڵێکی دیکەی ڕاگەیاندنەوە. دیارە قسەکانی ئەو «سەرچاوەیە»ش دەقاودەق بڵاو دەکرێتەوە، با زۆر شتی جێگای پرسیاریشی تێدا بە دی بکرێت. ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنووسانیش دابەش دەکرێن بەسەر «خۆمان» و «ئەوانی دیکە»دا. جاری وا هەیە کە ئەوانەی «خۆمان» دەست دەکەن بە دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی «سەربەخۆ». هەر جارێکیش ڕۆژنامەیەک کە هی «خۆمان» نییە ڕەخنەیەک بگرێت، ئەوا ڕاستەوخۆ دەیبەستینەوە بە لایەنێک کە






دژبەرمانە، یان ڕقەبەری سیاسییمانە، چونکە ناگونجێت ڕۆژنامەنووسێکی سەربەخۆ بەرانبەر بە ئێمە «شتی خراپ» بنووسێت:

ڕەخنەش لە چوارچێوەی ئەم چەشنە بیرکردنەوەیەدا دابەش دەکرێت بە ڕووخێنەر و یارمەتیدار، تێکدەر و دۆستانە. ئەو کەسەش کە لە دەستەڵات و یان دامودەستگای ڕەخنەلێگیراوەوە نزیکە و هەڵسەنگێنەری بابەتەکەیە بڕیار دەدات کامە ڕەخنە تێکدەرە و کامەیان یارمەتیدەرە!


زۆرجار دەبینرێت کە ئەو ڕۆژنامانەی کە سەر بە دەستەڵات نین، تەنگیان پێ هەڵدەچنرێت، «بە حوکمی یاسا» ڕۆژنامەنووسان دەگیرێن و زیندانی دەکرێن. ئەوە ڕاستە کە کورد هێشتا نەبووەتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ، بەڵام ئەوە ڕاست نییە کە سەربەخۆنەبوونی کوردستان دەتوانرێت بکرێتە بیانوویەک بۆ پێڕەونەکردنی ئەو ڕەسمویاسایانەی کە پەیوەندی بە ڕۆژنامەگەریی سەربەخۆوە هەیە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا لە ماوەی کورتی دەستەڵاتی کۆماری کوردستاندا لە مەهاباد ڕۆژنامەنووسی و بڵاوکراوەی کوردی توانی گەشەندن بەخۆوە ببینێت. پاش ڕووخانی کۆمار و زاڵبوونی دەستەڵاتی ڕەشی پاشایەتیی ئێران بەسەر کوردستاندا، نووسین بە کوردی، ئەمجا لە هەر بوارێکدا بووایە، ئاکامەکەی دەبووە زیندان و ئازاردان. لە سەردەمی شۆڕشی ئێراندا ڕۆژنامە و چاپەمەنیی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش کەوتە گەشەکردن. لەبەر لاوازبوونی چالاکیی ڕێکخراوەیی حزبەکان بڵاوکراوەی سەر بە حزب هێشتا لاواز بوو، بەڵام چەند ڕۆژنامە و گۆڤارێکی سەربەخۆ بە هیممەتی ڕۆژنامەنووسان و چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستان و لە دەرەوەی کوردستان دەستیان کردە بڵاوبوونەوە. دواتر لەگەڵ سەقامگیربوونی کۆماری ئیسلامیی ئێران نووسین و بڵاوکردنەوە بە کوردی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ کەوتە بەر تەسک بوونەوە و چالاکانی ئەم بوارەش، ئەوی حزبی بوون لەگەڵ ڕێکخراوەکەی خۆیان چوونە شاخ و ئەوانی دیکەش ناچار یان وازیان لە نووسین هێنا و یان لە پەنای شۆڕشدا لە شاخ گیرسانەوە.

بارودۆخی شەڕی چەکداری و دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی کە جیاوازی دانەدەنا لەنێوان چالاکبوون لە چوارچێوەی حزبێکی سیاسیی کوردیدا لە لایەک و بە کوردینووسینی شیعر و وتار و کتێب لە بواری فەرهەنگ و وێژە لە لایەکی دیکەوە، وایکرد کە تەنیا ئەو قەڵەمبەدەستانە دەیانتوانی بە کوردی بنووسن کە یان وتارەکانیان پێداهەڵگوتن بوو بە کۆماری ئیسلامیدا یان وەرگێڕانی کتێب و نووسراوەکانی شیعەی سیاسی و سەرچاوەکانی شیعەگەری.

بەڵام وردەوردە کۆماری ئیسلامی بواری فەرهەنگ و بڵاوکراوەی کوردیشی کرد بە مەیدانی شەڕ و ململانێ لەگەڵ فەرهەنگ و ڕۆژنامەگەریی خەڵکی و پێشکەوتخوازانە لە کوردستان. بەم چەشنە ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی لەکاتێکدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بڕیار و مۆڵەتی ڕەسمی لەلایەن دەستەڵاتدارانەوە کەوتنە بڵاوکردنەوە کە توندوتیژی و زەبروزەنگ بەرانبەر بە هەر تاکێک کە لایەنگری گەشەی فەرهەنگ و وشەی ئازاد و ڕۆژنامەگەریی کوردیی سەربەخۆ بوو، بەردەوام درێژەی هەبوو. لە بەرانبەردا لە شاخیش هەردوو ڕێکخراوی سەرەکیی کوردستان، واتە کۆمەڵە و حزبی دیموکرات، هەریەک لە لای خۆیەوە و بەپێی بۆچوون و لێکدانەوەی لە بواری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا خەریکی بڵاوکردنەوەی گۆڤار و کتێب بوو.

پاش هاتنەمەیدانی ڕەوتی چاکسازی لە ئێراندا، ڕێگا کرایەوە بۆ ژمارەیەکی بەرچاو لە گۆڤار و ڕۆژنامە لە ئێراندا؛ کە ئاشکرا ڕەخنەگر بوون و بوێرانە ڕەخنەی توندیشیان دەگرت. ئەم ڕەوتە زۆر درەنگ و بە شێوەیەکی کۆنترۆڵکراو گەیشتە کوردستان. لەئاکامدا هەردوو باڵی حکوومەت، واتە ڕێفۆرمخوازەکان و کۆنخوازەکان، هەر کامە و لەلای خۆیەوە کەوتنە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی ـ فارسی. ژمارەیەک ڕۆژنامەنووس توانیان لەم هەلە کەڵک وەربگرن و نووسراوەکانی خۆیان لە لاپەڕەکانی ئەم ڕۆژنامانەدا بڵاو بکەنەوە، بەڵام دیارە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی کۆنترۆڵکراودا. ناوەڕۆک و بابەتەکانی ڕۆژنامەکانی بەرەی ڕێفۆرمخوازان لە تاران و شارە گەورەکانی دیکەی ئێران لەگەڵ ئەوانەی کوردستان کوجا مەرحەبا بوون! لە کوردستان باس لە سیاسەت، گەلی کورد، فەرهەنگی ڕەخنە لە دەستەڵاتداران و بڵاوکردنەوەی ڕاستییەکانی کۆمەڵگای کوردەواری و هتد. بقە بوو. نووسەر و ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی فرەنسا؛ کریس کۆچێرا، پاش سەفەرێک بۆ شاری سنە لە وتارێکدا لە ڕۆژنامەی Nouvel Observateurی ٢٠٠٤/١٠/٢١ نووسی: "ئەوەش ڕاستە کە ڕۆژنامەگەریی کوردی هەر لە سنووری پێنج شەش بڵاوکراوەدا ماوەتەوە کە لە سەرەتای ساڵەکانی دووهەزاردا لەدایکبوون و دەهەزار تا بیستهەزار دانەیان لێ چاپ دەکرێت... هەروەها ڕۆژنامەنووسەکانیان ئەوە دەسەلمێنن کە بەکردەوە و بەردەوام خەریکی خۆسانسۆرکردنن. بە واتای









ڕۆژنامەنووسێکی ڕۆژنامەی «ئاشتی» کە لە مانگی ٢ی ٢٠٠٤ـەوە دەردەچێت، "هێڵی سوور زۆرن. ئێمە ناتوانین زۆر باسی کورد بکەین. لەوە کەمتریش دەتوانین باسی کوردی ئێران بکەین." ڕۆژنامەنووسێکی «ڕۆژهەڵات» کە یەکەم ژمارەی ڕۆژی ١٨ی مانگی ٢ی ٢٠٠٤ دەرچووە، دەڵێت: "ئێمە کە ناتوانین ڕاستەوخۆ لەسەر کێشەکانی کوردی ئێران قسە بکەین، لەسەر کێشەی کوردەکانی دیکە دەدوێین." ڕۆژنامەنووسێکی «ئاسۆ» کە بەکراوەیی خۆی بە «شۆڕشگێڕ» دەزانێت، ئاوا باسەکە کۆ دەکاتەوە: "یاسای ڕۆژنامەگەریی ڕێگامان پێدەدات کە نزیکەی بیست لە سەدی بیروڕای خۆمان بنووسین. ئێمە خەریکین لەسەر پشتی دووپشک دەڕوێن."

ئەگەریش بمانەوێت لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی ژنان و بزووتنەوەی یەکسانیخوازی لە کوردستانەوە بچینە ناو بابەتەکەوە و ئاوڕێک لە ڕۆژنامەگەریی کوردی بدەینەوە، ئەوا لەگەڵ کۆمەڵێک فاکتەر و زەمینەی کارکردنی جیاوازدا بەرەو ڕوو دەبینەوە، کە ئاماژە بە فەرهەنگی زاڵی پیاوسالارانە دەکات. سەرەڕای هەموو گیروگرفتی کاری ڕۆژنامەوانی کە دێتە سەر ڕێگای ڕۆژنامەنووسانی پیاو، هەر خودی ژنبوون لەم بوارەدا ــ وەکو هەموو بوارەکانی دیکەی کۆمەڵگای پیاوسالار ــ جاری وایە دەبێتە ئاستەنگێکی گەورە. ژنێکی ڕۆژنامەنووس بەکردەوە دەبێت نیشانی بدات کە لانی کەم بە ئەندازەی پیاوێک (کامە پیاو؟) لێهاتوویی هەیە و کارزانە و نووسەر باشە. ئەوەش ئاشکرایە کە پێوەری ئەم لێهاتوویی و کارزانییە وەنەبێت لەلایەن ژنان خۆیانەوە دیاری بکرێت.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ئەم بەشە لە ژنانی نووسەر و ڕۆژنامەنووس کە لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی سیاسیدا کار دەکەن ئەوا ئاستەنگەکان و سنوورەکان ئەوانەن کە لە بوارەکانی دیکەی کاری ڕێکخستنی ژناندا بە دی دەکرێت. زۆرجار ئەو ڕاستییە لە بیر دەکرێت کە ئەو ژنانەی هاتوونەتە پێش و لە سیاسەت و نووسین و کاری فەرهەنگی، کۆمەڵایەتیدا چالاکن لە ناوجەرگەی کۆمەڵگایەکەوە هاتوون کە بەتەواوی پیاوسالارانەیە و ڕێگایان پێ نەدراوە بە یەکسان کەڵک لە هەموو سەرچاوەکان وەربگرن. ئاشکراشە کە لەوەها هەلومەرجێکدا تەنانەت بەشێک لەم ژنە بوێرانەش ڕێگایان پێ نادرێت شانبەشانی پیاوان بچنە پێش و لە ئاستێکی نایەکساندا هێشتوویاننەوە. هەربۆیە باس لەوەی کە "ژنان خۆیان هەنگای پێویست هەڵناگرن!" یان ئەوەی "کێ ڕێگای گرتووە لە ژنان بگەنە لوتکە!" و شتی لەم چەشنە تەنیا شێواندنی باسەکەیە و بەس. لایەنگری لە کۆمەڵگایەکی یەکسان ئەرکی سەر شانی هەموو تاکێکی کۆمەڵگایە و بە ژن و پیاوەوە و پێشهاتنی هەر ئاستەنگێک و هەر پاشکەوتنێکی باری ژیان لە ژیانی کۆمەڵگادا سووچی هەمووانە.

تایبەتمەندییەکی دیکە بۆ ژنانی ڕۆژنامەنووس و نووسەری کورد ئەوەیە کە ئەم ژنانە پێویستە هەموو کاتێک ئەوە بسەلمێننەوە کە خەباتگێڕی شێلگیری مافی نەتەوەیی گەلی کوردن. ئەمە داخوازییەکی نادیار و نەنووسراوە کە بەو ڕادەیە بەرەو ڕووی پیاوان نابێتەوە. لێرەشدا دیار نییە کە پێوەر کامەیە و ئەو کێیە ئەم پێوەری داناوە. خۆ ئەگەر ڕەخنە لە نووسینی ژنێکی نووسەر بگیرێت، زۆر بەئاسانی دەردەکەوێت کە لە هێندێک بۆچوون و پێوەردا نایەکسانییەک بەرانبەر بە ژنەکە ڕەچاوکراوە. ژیانی تاکەکەسی ژنەکە و شێوەی جلوبەرگلەبەرکردن و تەنانەت ئاڵوگۆڕ لە ڕواڵەتیشدا (ئەگەر شتی وایش کرابێت!) دەبێتە کەرەستەیەک بۆ ڕەخنەگر و ئاگری ڕەخنەکەی پێ خۆش دەکات.

لەوەها بارودۆخێکدا دیسانیش کەم نین ڕۆژنامەنووسان و نووسەرانی ژن کە توانیویانە لەم مەیدانە نابەرابەرەدا جێگای خۆیان بکەنەوە و قەڵەمەکانیان بۆ گەشەی کۆمەڵگای مەدەنی و بەرەو یەکسان بخەنە کار. با ڕۆژنامەی سەربەخۆی ژنان و ئافرەتانیش کەم بن، بەڵام بە هۆی ئینتەرنێت و جاری وایشە لە ڕێگای ڕۆژنامە حزبییەکانەوە دەنگی ئەم ژنانە بەئاشکرا دەبیسترێت و ئەمەش دیاردەیەکی دڵخۆشکەرە. بۆ ڕۆژنامەنووسان و نووسەرانی ژن لە کوردستان ــ بە هیممەتی بزووتنەوەیەکی بەهێزی یەکسانیخوازی و ژنانێکی لەخۆبوردوو و ماندوویننەناس ــ داهاتوویەکی ڕوون بە دی دەکرێت. لە ئاستی جیهاندا ئەو وڵاتانە بە پێشکەوتوو دادەنرێن کە ڕێژەی مردنی منداڵانی ساوا لە وڵاتدا زۆر لە خوارەوە بێت. ئەمە نیشانەیەکە بۆ تەندروستی کۆمەڵگاکە. پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیی وڵاتێکیش ئەو کاتە دەردەکەوێت کە یەکسانیی ژن و پیاو بەکردەوە لە ئاستێکی باڵادا بێت و لە بواری ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبدا بۆ ژنان هەمان ماف و توانایی تەرخان بکرێت کە بۆ پیاوان هەن. دەنا وشەی بریقەدار لە پرۆگرامی هەموو حزب و ڕێکخراوەکانی هەموو وڵاتانی دونیادا ــ با زۆریش پاشکەوتوو بن ــ دەبینرێنەوە.

٢٠٠٥/٦/؟؟

# ئێستای بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردی
# «کێشە و ئاستەنگەکان»

پشکۆ نەجمەدین

چ شت و دیاردەیەک، لە خۆڕا نایەنە بوون.
"ئێستا"، بە هەموو ڕەهەند و ئاراستە جیاکانیەوە، بەرهەمی کەڵەکەبووی پرۆسەیەکی مێژوویی لە ناخی کۆمەڵگەدا گوراو و بزواوە کە لەژێر کاریگەریی هەلومەرجە کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئابووری و سیاسییەکاندا و لە سەردەمە جیاوازەکاندا، بە دۆخێکی پڕ جووڵە و دانەساکاو گەیشتووە.
ڕوانین لە ئێستای بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردی، سەرنجدانە لە توخمێکی ڕۆشنبیریی کوردی کە ١٠٧ساڵان تەمەنیەتی.
دۆخی ئێستای ڕۆژنامەگەریی کوردی «ڕۆژنامە، ڕۆژنامەنووس، ئامرازەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە و گەیاندن، تێما و بابەت و ئاخاوتەی (دیسکۆرس) ڕۆژنامەگەری»، بەرهەمی گشتلایەنەی مێژووی سەدەیەک و حەوت ساڵانی نەتەوەی ئێمەیە. دۆخەکەش، جگە لە خەسڵەت و کاراکتەرە ناوەکی و خۆماڵییەکانی، مۆرکی فاکتەرە کارلێکردووەکانی نەتەوە و میللەتانی دراوسێ و دوورەدەست، فیکر و ئایدیا مەزهەبی و عەلمانییە جۆراوجۆرەکانیشی پێوە دیارە.
بزاڤەکە، لە تاکە «کوردستان»ێکەوە و لە دەرەوەی کوردستانی ئەوساوە، بۆ کوردستانی ئێستا و سەدان ڕۆژنامە، گۆڤار، هەفتە و مانگ و وەرزنامە و لەشکرێک لە ڕۆژنامەنووس دەست پێ دەکات و بە "ئێستا" دەگات!
باسکردن لە "ئەوسا"، کاری نووسینی ئێستای من نییە!
ئێستای ڕۆژنامەگەریی کوردی لە کوێدایە؟!
ئاخاوتەی ڕۆژنامەگەریی کوردی چییە و تا کوێ لەگەڵ ئاخاوتەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی کوردیدا، هاوتا یاخود هاوتەریبە؟!
دنیای ئازاد، بازاڕ و سیستەمی لیبراڵ، ئازادی و ئازادیی ڕۆژنامەنووسی، چەندە کارکردیان لەسەر باری ڕۆژنامەگەریی کوردی داناوە و ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنووسی کورد، لە کوێی ئەم سیستەمە جەنجاڵەدا وەستاون؟!
پرسەکان هەڵدەتۆقێنم و ئەستەمە لە ئۆدەی



پشکۆ نەجمەدین

بەرسڤەکان بێم! دۆزینەوەی پرسەکان، لە خوڵقاندنی وەڵامەکان گرنگترن.
من، بەنیازم باس لە "ئێستا" بکەم. ئێستای ڕۆژنامەگەریی کوردی لە باشووری کوردستاندا... باشووری هەرێمی فیدراڵ و خودانی قەوارەی نیمچەسەربەخۆی سیاسی و ئیداری... باشوورێک، کە ڕواڵەت و چەندایەتیی بزووتنەوەی ڕۆژنامەگەری لەوێدا، بە بەراورد لەگەڵ "پێش" ئێستایدا، لە فۆرم و قەوارە و ژمارەدا، بە "لوتکە" گەیشتووە و بە خێراییەکی خێراتریش لە هەڵکشاندایە.
بزاڤەکە، پێشینەیەکی نزیک و پێشینەیەکی دوور و دوورتریشی هەن...

**پێشینەی نزیک**

بزاڤی ڕۆژنامەگەریی پێش ڕاپەڕین:
ـ ڕۆژنامەگەریی شار، «کوردستان و عیراق!»
ئەم ڕەوتە ڕۆژنامەگەرییە، لە سایەی دەسەڵاتی بەعسدا بزواوە و بە دوو زمانی «کوردی، عەرەبی»، دوو ئاخاوتەی جیا و دژبەیەکی بە تێمای جیاوازەوە لە خۆ گرتووە. دوو ئاخاوتە، کە لە کایە و ڕەهەندە فرەلایەنەکانی بزووتنەوەی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا، وەکو دوو هێزی خێر و شەڕ، لە ململانێدا بوونە. ئەم ڕەوتە و کارکردی لەسەر "ئێستا"ی سەرجەمی بزاڤەکە، ناکرێت بە دیدێکی سپی/ ڕەش لێی بڕوانرێت. فاکتەرە کارکرد و بزواوەکانی ئەم ڕەوتە، بە هەردوو باردا و لە کایەکانی کولتوور و تێما و میتۆدی کاری ڕۆژنامەگەریی ئێستای کوردستاندا، دیار و بەرچاون و ناتوانین خۆمانیان لێ نەبان بکەین.
ـ ڕۆژنامەگەریی شاخ «ئاخاوتەی حیزب/ ئاخاوتەی نەتەوە!»
ئەم بەشەی بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردی، لە ڕواڵەتدا، چەند خەسڵەتێکی تێکەڵاو و هاوبەشی هەیە. خەسڵەتی موقاوەمەت و بەرگریی لە دۆزی کورد و مەسەلە نەتەوایەتییەکەی، خورتکردنی گیانی ڕووبەڕووبوونەوە و هاندانی جەماوەر دژ بە داگیرکار، گەیاندنی هەواڵ و زانیاری لەمەڕ شۆڕش و گوڕتێخستنی ئەدەبی بەرگری.
چەندایەتیی ئەم ڕەوتەی بزاڤی ڕۆژنامەگەری، هاوتای ژمارەی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانی و عیراقییەکانە و چۆنایەتییەکەشی بە دید و ئایدیا و تێگەیشتنی ئەوان بۆ ئەرک و خیتابی ڕۆژنامەگەری، مەحکومە! لەم قۆناغەدا، ڕۆژنامە، گۆڤار و بڵاڤۆکەکان مۆڵکی حیزبن و پردێکی بە وشە و دروشم ڕۆنراون بۆ گەیاندنی بیر و سیاسەتی حیزب بە خوێنەرانیان.
ئاخاوتەی ئەم ڕەوتە، بەپێی ئاڵۆزیی باری سیاسیی کوردستان، گرژیی دۆخی نێوان حیزبەکان، خیتابێکی پەرەوازە، ناتۆکمە و نایەکگرتووە. حیزبەکان دژ بە یەکن و ڕەوتی ڕۆژنامەگەریش، لە زۆر حاڵدا، مەکۆی ڕەنگدانەوەی ناکۆکی و ململانێکانە!

**ڕاپەڕین «ئازادی و فەوزای هەموو شتەکان!»**

ڕاپەڕین هات و...
ـ دەسەڵاتی داگیرکاری ڕادا!
ـ دەسەڵاتی سیاسیی کوردی خوڵقاند و تەکانێکی بە خیتابە سیاسییەکەی دا.
ـ فەزایەکی ئاوەڵاتری دروست کرد.
ـ فەوزایەکی سەرتاپاگری نایەوە!... ئەمە، فەوزای سیاسەت و دەسەڵات، حوکم و


جەماوەر


هاوڵاتی


ئاسۆ

بەڕێوەبردن، حیزب و ئایدۆلۆژیا، فیکر و ڕۆشنبیری بوو. ئەم دیاردەیەش، ڕەنگە دەرهاوێژتەیەکی سرووشتیی هەر پرۆسەیەکی هەژان و ڕاچەنینی کۆمەڵایەتی بێت کە لە شێوازە کوردییەکەیدا و بەپێی خەسڵەتە تایبەتەکانی بزووتنەوەی سیاسیی کورد و کۆمەڵگەی کوردستان، نیشتنەوەی لافاوی فەوزا و ئاساییبوونەوەی دۆخەکە، زەمەنێکی زێتری گەرەک بێت.

بزووتنەوەی ڕۆژنامەگەریی کوردی، لە ڕاپەڕینەوە و هەتا ئێستا، واتە لە ماوەی چواردە ساڵدا، ئەگەرچی گۆڕانێکی بەرچاوی بەسەردا هاتووە و کەوتووەتە قۆناغێکی نوێوە، بەڵام هێشتا پرۆسەیەکی تەندروست نییە و وەڵامی پێداویستییەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی کوردستانی پێ نادرێتەوە.

پرۆسەکە، لە سۆنگەی گەلێک هۆکاردا، هێشتا نەیتوانیوە ببێتە بەشێکی کاریگەر لە پرۆسەیەکی زێدەهەستناکی فراوانتر، ئەویش پرۆسەی میدیای کوردییە. میدیا، هێشتا خەسڵەتەکانی "دەسەڵاتی چوارەم"ی لە خۆیدا کۆ نەکردووەتەوە و خۆی لە تۆڕی فراوانی دەسەڵات و حیزب ڕزگار نەکردووە! بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردی، هێشتا مۆرکی زەقوزۆپی خیتابی سیاسیی حزب و دەسەڵاتی پێوە دیارە. ئەم بزاڤە، هێشتا ناتوانێت وەکو پێویست، میکانیزمی بەڕێوەبردنی دەسەڵات و خیتابە سیاسییەکەی، لە کایە جیاوازەکاندا، بنچاو بکات و ڕای گشتی لەسەر مەسەلە گرنگەکان لە کۆمەڵگەدا بخوڵقێنێت.

دەمەوێت بڵێم: پرۆسەی خوڵقاندنی بزاڤی ڕۆژنامەگەریی ئازاد لە کوردستاندا، جارێ لە سەرەتای سەرەتاکانیدایە و هۆکاری کیسەڵڕۆی ئەم بزاڤە و نەخەملینی، هەمەجۆرن...

ـ حیزبی کوردی کە چاوگ و پراکتیزەکاری دەسەڵاتە لە کۆمەڵگەدا، هێشتا لە هەوڵی قۆرخکردنی هەموو کایە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکاندایە و بزاڤی ڕۆژنامەگەریش، ئەو کایە هەستناکەیە کە حیزب نیازی دەستبەرداربوونی نییە.

ـ لە کوردستاندا حکوومەت بە مانا دامودەستگاییەکەی، جارێ بوونی نییە. ڕۆژنامەگەریی ئازاد دەشێ دەرهاوێژتەی پرۆسەی ڕۆشنبیریی کۆمەڵگایەک بێت، کە دامودەستگا سیاسی و ئیدارییەکان، لە ڕووی یاساییەوە، زەمینەی خوڵقاندن و گەشەکردنی بۆ فەراهەم بکەن.

ـ ئابووریی لیبراڵ و بازاڕی ئازاد، دەشێت ژینگەیەکی تەندروستی گەشەکردنی ڕۆژنامەگەریی مۆدێرن بن لە کوردستاندا. بزاڤی ڕۆژنامەگەری لە تۆڕی ئابووریی حیزبدا، کە بەشێکی گەورەی ئابووریی کۆمەڵگەی کۆنترۆڵ کردووە، جەڕێنراوە. پەندێک هەیە، دەڵێت: "زووڕناژەن، بۆ کەسێکی دەژەنێ کە پارەی دەداتێ!" ئەم پەندە، نزیکایەتییەکی لەگەڵ سرووشت و خیتابی سیاسیی ئێستای ڕۆژنامەگەریی کوردیدا هەیە. سەرچاوەی داهات و ئابووریی بەشێکی زۆری دەستگای کولتووری و چاپ و پەخشخانەکان لە حیزبەوە دابین دەکرێن، ئیدی خیتابەکەش، بەناچاری، خیتابی پەسن و پیاهەڵدانی دەسەڵات دەبێت، تا خیتابێکی ئەقڵانیی ڕەخنەگرانە.

ـ کەمیی ڕۆژنامەنووسی ئاکادیمی و پرۆفیشناڵ بۆ مامەڵەکردن لەتەک کاری ڕۆژنامەنووسیدا.

ـ زمانی ڕۆژنامەنووسی و زمان لە مانا گشتییەکەیدا بۆ بەرهەمهێنانی دەق بە گشتی و دەقی ڕۆژنامەنووسی بەتایبەتی، لە بێسەروبەری و قەیرانێکی قووڵدان.

ـ سەرچاوەی هەواڵ و دەستپێڕاگەیشتنی، گرفتێکی دیکەی ڕۆژنامەنووسان و کاری ڕۆژنامەنووسییە.

ـ ئازادیی ڕۆژنامەگەری، بەپێی یاسا پارێزراوە و لە پراکتیکیشدا جۆرێک لەو ئازادییە لە بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا، جێبەجێ دەکرێت. ڕۆژنامەنووس، دەکارێت دید و تێڕوانینەکانی خۆی لەسەر هەر مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بنووسێت. بەڵام لێرەدا ئازادیی بڵاوکردنەوە و مافی هەڵبژاردنی شوێنی بڵاوکردنەوە «ڕۆژنامە، گۆڤار...» ڕووبەڕووی ئیشکالاتی خۆی دەبێتەوە. واتە وتارێکی ڕەخنەئامێز لە دەسەڵات و سیاسەتی دەسەڵات، شانسی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەکانی حیزبدا «کە بەشی زۆری پانتایی ڕۆژنامەگەرییان داگیر کردووە» نییە! ئەمە جگە لەوەی هەندێک باس و مەسەلە هەن کە خوێندنەوە و ڕاڤەکردنیان بۆ نووسەر و ڕۆژنامەنووس، هێڵی سوورن و ناکرێت ببەزێنرێن. ڕای گشتی، کە میدیا و لەنێو میدیاشدا، ڕۆژنامە ڕۆڵی گرنگی لە دروستکردنیدا هەیە، هەمیشە ڕایەکە، هاوسێ یان هاوتەریبی ڕای حیزب و دەسەڵات.

وێڕای ئەم گرفت و ئاستەنگانەی بزاڤی ڕۆژنامەگەری لە کوردستاندا، سەدان ڕۆژنامە، گۆڤار و بڵاڤۆک چاپ و بڵاو دەکرێنەوە و لەوانیشدا، چەند هەفتەنامە، مانگنامە، گۆڤار و بڵاڤۆک هەن کە نیمچەئازادن و تێما و بابەت و مێتودی کاری ڕۆژنامەگەری لەواندا، دەشێت ببنە دەستپێکی بزاڤێکی ئازاد و مۆدێرن لە پرۆسەی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا.

٢١ / ٦ / ٢٠٠٥

# ئاماژەیەك بە باری
# شرۆڤەکاریی سیاسی لە ڕۆژنامەوانیی کوردیدا

ستران عەبدوڵڵا - سلێمانی

### ١

بە پێچەوانەی بیروڕای باوی نێوەندی ڕووناکبیری و ڕۆژنامەوانیی کوردی، توخمی زۆرلێکراوی نێو لاپەڕەکانی ڕۆژنامەوانی کوردستان، لەم کاروانە دوورودرێژ و پچڕپچڕەیدا، توخمی ڕۆژنامەوانیی سیاسی و بە تایبەتیتریش لایەنی شرۆڤەکردنی سیاسییە.

کاروانی (١٠٧) ساڵەی ئێمە چیرۆکی ئەم زوڵموزۆرە دەگێڕێتەوە کە ئێستاش بە جۆرێک لە جۆرەکان هەروا درێژەی هەیە.

کاتی خۆی بەشێکی هۆکاری ئەم زوڵمەم گێڕایەوە بۆ دوو فاکتەر:

- ئیمپریالیزمی ئەدەبی: زاڵبوونی زمانی ئەدەب و ئەندێشە و دەستەواژە ئەدەبییەکان بەسەر ڕەوتی ڕۆژنامەوانیماندا.
- خیتابی حەماسیی بزووتنەوەی ناسیونالیستی کورد و کۆنترۆڵکردنی لایەنی سیاسیی ڕۆژنامەکان لەلایەن ئەم خیتابەوە.

زاڵکردنی ئەدەبی هاندانی سیاسی و دەرکەوتنی نووسەری سیاسیی بانگەشەکار (داعیە) کە جەماوەر هاندەدا بۆ گردبوونەوە لە دەوری مەسەلە ڕەواکان و دەیانهێنێتە جۆشوخرۆش.

هەڵبەت دەزانم هەردوو فاکتەر هۆکاری دەرکەوتنی سروشتی خۆیان هەیە. یەکەمین ژمارەی «کوردستان»ی دایک لە ڕۆژی ١٨٩٨/٤/٢٢دا سەرەتای چاندنی تۆی هەردوو فاکتەری تێدایە. میقداد میدحەت بەدرخان لەو ژمارەیەدا جگە لە چەند هەواڵێکی ئەو سەردەمە سەروتارێکی سیاسی پڕ جۆشوخرۆشی نووسیوە کە بۆ زەمانی خۆی و بۆ ئێستاش مانفێستێکی ڕەوای ویستەکانی کوردایەتی و هەروا بەرزترین ئاستی لێکدانەوە و تێگەیشتنی سیاسی لە خۆگرتووە. دڵنیام ئەوی ڕۆژنامەکانی هاوزەمانی کوردستان، لە ڕۆژنامەی نەتەوە و وڵاتەکانی تر نووسراوە، هیچی زیاتر نییە لەوەی بەدرخان نووسیویەتی.

لە تەنیشت ئەو نووسراوە و نووسینە سیاسییەکانی ژمارەکانی تردا هەمیشە پارچەشیعرێکی کوردی، هی نالی یان هی حاجی قادری کۆیی، بڵاو کراونەتەوە. مەعلومیشە کە:

- زمانی ئەدەبی خەیاڵگەی لێکدانەوەی جیاجیایە و گوزارشتی ئەدەبیش تا لێی قووڵ ببیتەوە چەشە و چێژی جیاواز و نوێباوت پێدەبەخشێت. زمانی حەماسەتی سیاسیش، هاندەری کردەی سیاسی و دەرمانی وزەبەخشی باوەڕمەندانە بە لایەنی مۆراڵیی بزووتنەوە نیشتمانییەکان، واتا لەو حاڵەدا وتاری حەماسیی سیاسی لە ڕۆژنامەدا وەزیفەیەکی سیاسیی جیاواز لە ئەرکی ڕۆژنامە لە تێگەیاندنی خوێندەوارانی دەبینێت. لە کاتێکدا زمانی ڕۆژنامەوانی بەگشتی و زمانی ڕۆژنامەوانی سیاسیش بەتایبەتی زمانێکی ڕاستەوخۆ و بێ پێچەبەدەورەیە.



ستران عەبدوڵڵا

### ٢

ئەم دوانەیە (حەماسەتی سیاسی، زمانی ئەدەبی) وەک هەر دیاردەگەلێکی سیاسی لە سەردەمی خۆیدا، پاکانەی خۆی هەبوو و ڕۆڵی خۆی لە کەمەندکێشکردنی خوێندەوارانی کورد بۆ لای دیاردەی ڕۆژنامە وازیکرد، ڕاستە ئەم جۆشوخرۆشەی سەروتارە حەماسییەکان ناوەڕۆکێکی ڕەوایان لە خۆ گرتووبوو کە ڕەوایی بزووتنەوەی کوردایەتی بوو، ڕاستە بۆ نەتەوەیەک کە ڕێی لێگیراوە دامودەستگای فەرهەنگی و کولتووری خۆی هەبێت شیعر سەبەتەی پاراستنی زمانی نەتەوەیی و هەڵگرتنی دەستەواژە و ئیدیۆم و وشەکانی بووە تا هەلومەرجێک پێکهات ئێمە بچینە نێو مێژووی نووسینەوە، بەڵام ئەم لەخۆگرتنە فەرهەنگییە کە وەزیفەیەک بوو بە شیعر سپێردرابوو، دواجار لەنێو لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکانمان بوونە کەندوکۆسپ لەڕێی دەرکەوتنی زمانێکی ڕۆژنامەوانی ڕەوان کە وتەکانی مانای موجەڕەدیان هەبێت و ڕێکوڕاست، بەتایبەتیش لە پرسی چالاکی و دەربڕینە سیاسییەکاندا، گوزارشت بن لەوەی ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنووسی دەیانەوێت بیڵێن و هیچ تەفسیرێکی پەنهان لە خۆ نەگرن.

### ٣

ئەمانە لە سەردەمێکی درەنگتردا بوونە کۆسپی بەردەم پێشکەوتنی ژانری ڕۆژنامەوانیی سیاسی لە کوردستاندا. ئەوەی کێشەکەی ئاڵۆزتر کرد ئەوە بوو کە ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان، بەتایبەتی ڕژێمی داگیرکەری عیراق، ئەوانیش ناڕاستەوخۆ بوونە باعیسی درەنگ دەربازبوونی ڕۆژنامەوانیی کوردستانی لەم حاڵەتە دواکەوتووییە. لە کەم دەرفەتی سیاسیدا، مەگەر ئەو کاتانەی کورد لە موفاوەزە و ئاشتیدا بووبێت لەگەڵ حکومەتەکانی عیراق، ڕۆژنامەوانیی کوردی توانیویەتی ژانری ڕۆژنامەوانیی سیاسی لە نێوخۆیدا پێش بخات، چونکە پێشکەوتنی ڕۆژنامەوانیی سیاسی دواجار لە باری کەڵەکەبوونی هۆشیاریی سیاسییەوە تێگەیشتنی هاووڵاتیانی کوردستان بەرزتر دەکاتەوە، شتێک کە ئەوان بەتایبەتی ڕژێمی بەعس حەزیان نەدەکرد لەلای کورد پەیدا ببێت. پێشکەوتنی ڕۆژنامەوانیی سیاسی لە کوردستان، تەنانەت لەو بوارانەی کە پەیوەندییان بە ڕووداو و دەرکەوتە جیهانییەکانەوە هەیە، ئارەزوویەکی قەدەغەکراو بوو؛ چونکە دواجار تێگەیشتن لە سیاسەتی مەمالیک و وڵاتە دوورەدەستەکانیش دەبوونە مۆدێلی شایستەی چاولێکردن بۆ خوێندەوارانی نەتەوەی کڵۆڵی کورد. ئیسماعیل بێشکچی؛ سۆسیۆلۆجیستی ناسراوی تورک، لە «کوردستان کۆڵۆنییەکی نێودەوڵەتییە» و لە گفتوگۆی گەشەکردنی سیاسیی کوردەواریی باکووردا بەوردی دەستنیشانی ئەوە دەکات چۆن باسکردنی تراژیدیای داگیرکردن و

هەروەها سەرکەوتن و ژێرکەوتنەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلانی بندەستی وەکو فەلەستین و ڤیتنام لە ڕۆژنامە و میدیاکانی تورکیادا دەبنە مایەی ورووژاندنی پرسیاری بەراوردکاری لەلای ڕووناکبیرانی کورد: ئەگەر ئەو میللەتانە بۆیان هەبێت خەباتی ڕزگاری بکەن و ڕۆژنامەکانی تورکیا و ڕۆژنامەی داگیرکەرەکانیش ستایشیان بکەن، ئەی بۆچی کوردی بندەستی وانیش بۆی نەبێت خەباتی لەو شێوەیە بە ڕێ بکات؟ هۆیەکی دیکەش هەر لە زاتی دەربڕینی سیاسیدایە، مادامەکی هیچ بوارێکی ڕۆژنامەوانی بە ئەندازەی ڕۆژنامەوانیی سیاسی دەربڕینەکانی سادە و ئاشکرا نین، کە وابێت ئەو ژانرە لە سیستمە تۆتالیتارەکاندا، لە سیستمە داگیرکەرەکاندا زوو دەستەکەی کەشف دەبێت و ئەوجاش کەلەبچە دەکرێت. لەکاتێکدا ئەدەب و هونەری نەتەوەیی کورد بەتایبەتی شیعرەکەی دەیان چەفەنگ و ئاماژەی ئەدەبی لەبەر دەستدا بوو تا مەبەستەکانی خۆی لە سانسۆر بشارێتەوە، هەرگیز دەرفەت نەبوو تا ڕۆژنامەوانیی سیاسیی کوردستانی بەو دەربڕینە ڕاستەوخۆیانە دەربکەوێت و دروست ببێت.

## ٤

ئێمە بەو حاڵەوە ڕەوتی ڕۆژنامەوانیی خۆمان بە ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ سپارد. لە ڕاستیدا (١٤) ساڵی دوای ڕاپەرین قۆناغی تێپەڕینە لەنێوان ئەو ڕەوتە مێژووکردە، بە هەموو کەموکورتییەکانیەوە، لە لایەک و ژانی لەدایکبوونی جۆرێک لە جۆرەکانی ڕۆژنامەوانیی سیاسی کە شرۆڤەکردنی سیاسی پانتایی فراوانی لێ داگیر دەکات، لەلایەکی ترەوە.

ئەو تێکەڵییەی ڕۆژنامە سیاسییە گشتییەکانی دوای ڕاپەڕینی کردبووە چێشتی مجێور ماوەیەکی کورتی خایاند. ئەوەی باش بوو لەگەڵ گەشەکردنی بزووتنەوەی فەرهەنگی و فراوانبوونی توانای چاپەمەنی لە نیوەی دووەمی نەوەدەکاندا ئەدیبەکان ماڵی خۆیان جیا کردەوە و ڕۆژنامە سیاسییەکانیان بۆ خەمە سیاسییەکان بە جێ هێشت.

ڕۆژنامەوانی حزبی ڕۆڵێکی دیاری گێڕا لە ڕەنگرێژکردنی ئەم قۆناغی پەڕینەوەیەدا. هەڵبەت ڕۆڵێک بە هەردوو باری ئیجابی و سەلبیدا. مرۆڤ دەبێت ویژدانی بکاتە دادوەر تا ئەم دوولایەنە دەستنیشان بکات. بێ ڕۆژنامە ڕۆژانەییە حزبییەکان مومکین نەبوو قسە لەسەر ڕۆژنامەوانیی سیاسی لە دوای ڕاپەڕین بکرێت. هەروەها ئەم دەستپێکە حزبییە ڕۆڵی سەلبیشی وازیکرد لەمەدا کە وەک هەر لێکدانەوەیەکی حزبی نەیدەتوانی شرۆڤەکاریی سیاسییانەی خۆی بگەیەنێتە فەزایەکی فراوانتری شرۆڤەکردنی سیاسی کە هەموو ڕەهەندەکانی باسوخواسە سیاسییەکان لێک بداتەوە. بەتایبەتی کاتێک ڕووداو و باسوخواسی



شرۆڤەکراو پەیوەندی بە باری سیاسیی کوردستانەوە هەبووبێت. لەو کاتانەدا لێکدانەوە بە قازانجی سیاسەتێکی دیاریکراو دەشکایەوە. زیاتر لە پەسەندکردنی سیاسەتێکی دیارکراو دەنووسرایەوە وەک ئەوەی شرۆڤەکارییەکی وابێت کە یارمەتیی خوێنەر بدات لە دەنگوباس و ڕووداوەکان تێبگات.

دەستنیشانکردنی کەموکووڕی وا لەم نووسینەدا بە مانای ئەوە نییە کە:

یەکەم: ڕۆژنامەوانیی کوردستان چۆڵەوانییەکە لە بواری دەقی سیاسیی نایاب، یان شرۆڤەکردنی سیاسیی ڕاست و دروست و بەجێدا.

دووەم: وەختێک دەستنیشانی ئەم ڕەوشە سەلبییە دەکەم مانای ئەوە نییە ڕێڕەوی کارکردنی خۆشم لە بزاوتی ڕۆژنامەوانیی سیاسیی کوردستان و مەیدانی شرۆڤەکردنی سیاسی دوای ڕاپەڕیندا بێ کەموکووڕی بووە، بەپێچەوانەوە ئەم دەستنیشانکردنەم بەر لە هەموو شتێک لە ئەزموونی خۆم و هاوڕێکانمەوە هەڵهێنجاوە. دەیان وتاری سیاسی و شرۆڤەکردنم هەن کە لە فەزایەکی پێشوەخت بڕیارلێدراودا نووسیومن و ڕەوتی ڕووداوەکان و زەمەن سەلماندیان کە شرۆڤەکردنەکە لە بنچینەوە هەڵە بوو.

## ٥

ئەمڕۆ لەگەڵ وردە وردە دەرکەوتنی ڕۆژنامەوانیی ئازاد، یان ناحزبی، خەریکە شرۆڤەکردنی سیاسی لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا گەشە دەکات، بەڵام ئەم ڕێبازە بێ لەمپەڕ نییە. ڕۆژنامە بێ حیزبەکان لەم قۆناغەدا قورسایی کاری خۆیان کردۆتە سەر کاروباری ناوخۆیی و گیروگرفتە ڕۆژانەییەکانی هاووڵاتییان کە ئەمەش بۆ خۆی گرنگە. بەڵام بایەخدان بە شرۆڤەکردنی سیاسی لە ڕۆژنامە ئازادەکاندا تاقە دەرفەتە بۆ گەشەپێدان و دەرکەوتنێکی چالاکانەی ئەم ژانرە گرنگە لە ڕۆژنامەوانیی کوردستاندا. دەشێ لێرەدا چەند کەموکووڕییەکی ڕەوتی شرۆڤەکاریی سیاسی لە ڕۆژنامەکانی وڵاتدا دیاری بکەین:

یەکەم: تێکەڵبوونی جۆرەکانی شرۆڤەکردنی سیاسی، یانی تێکەڵبوونی قاڵبەکانی نووسینی سیاسی لەنێوان: ڕاپۆرتێک کە وردەتوانجێکی سیاسی تێدایە، ستوونێک کە بیروڕایەکی تایبەتی نووسەرێکی سیاسی لە خۆ دەگرێت، وتارێکی شرۆڤەکاری لەسەر ڕووداوێک، ستۆرییەک (گێڕانەوەیەک) کە نووسەرەکە نووسینەکەی خۆی بە وەرگرتنی ڕای چەند پەیوەندارێکی سیاسی پتەوتر دەکات، لێکۆڵینەوەی سیاسی و بیرەوەریی سیاسی. گەلێک جار ئەم قاڵبانە تێکەڵ دەبن و سەر لە خوێنەر دەشێوێنن.

دووەم: جیاوازینەکردن لەنێوان شرۆڤەکردنی سیاسی و هەڵوێستی سیاسیی نووسەردا. بە ڕای بەندە ئەمە گەورەترین هەڕەشەیە لەسەر دەرکەوتنی شرۆڤەکارییەکی بابەتییانە و بەو پێیەش دەرکەوتنی نووسەری شرۆڤەکاری بەتوانا لەناو ڕۆژنامەوانیی کوردیدا. نووسەری سیاسیی کورد جیاوازی ناکات لەنێوان هەڵوێستی خۆی وەک کارەکتەرێکی سیاسی لەگەڵ لێکدانەوەی بابەتییانە بۆ ڕەوتی ڕووداوەکان و ئەو میکانیزمانەی بزووتنەوەی سیاسی هەڵدەسوڕێنن. ڕاستە نووسەری سیاسیی کورد و نووسەری سیاسیی هەر وڵاتێکی دیکەی جیهان مەحکومە بە پشتیوانیکردنی کێشە و گیروگرفتەکانی وڵاتەکەی، بەڵام دەبێت بزانێت باشترین خزمەت کە دەشێ ڕۆژنامەوانێک یان شرۆڤەکارێکی سیاسی پێشکەشی وڵاتەکەی بکات ئەوەیە ڕوانینێکی ڕەخنەگرانەی بێ هەڵچوون، شیکردنەوەیەکی بابەتییانەی ڕووداوەکان، بخاتە بەردەم نوخبەی سیاسی و ڕای گشتی؛ جا با ئەو شیکردنەوەیە بە دڵ و خواستی بیرکردنەوەی باویش نەبێت. پێویستە، بۆ نموونە، لە شیکردنەوەی ڕووداوەکانی وڵاتدا، لە لێکدانەوەی خەباتی کورد لە بەرامبەر نەیارەکانیدا، ئاستی ململانێکە و توانەکانی بزووتنەوەی سیاسی، یان تەنانەت چەکداری و دیپلۆماسیی کوردایەتی، وەک فاکتێکی موجەڕەد مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت نەک لەبەر هەست و سۆزی کوردایەتی خۆمان پڤ بدەین، دەردێک کە ڕۆژنامەوانیی عەرەبی و شرۆڤەکارەکانی لە مەسەلەی فەلەستین و شیکردنەوەی ڕووداوەکانیدا بە دەستییەوە گیریان خواردووە.

سێیەم: کورتئەندێشەیی بەشێک لە شرۆڤەکارانمان، پشتنەبەستنیان بە فاکت و داتای زانیاری، نەبوونی پشتخانێکی ڕۆشنبیری لەو بوارانەی لەسەری دەنووسن یان شیکردنەوە دەکەن.

چوارەم: کورتهێنانی زمانی کوردی لە ئاست زاراوە و دەستەواژە سیاسییەکاندا کە وا لە شرۆڤەکاری کورد دەکات بە عەرەبی، یان فارسی یان تورکی، بیر بکاتەوە و بە کوردی بنووسێت.

هەڵبەت قسەوباسی دیکەش هەن، بەڵام جارێ با ئەوەندە بەس بێت.

× سەرنووسەری ڕۆژنامەی «ئاسۆ» لە باشووری کوردستان.

stranxandan@yahoo.com

# کوردستانی ئێران و
# بزووتنەوەی ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی

## قەرەنی قادری

له مێژووی نوێ و سەردەمی ئێران و کوردستاندا، شۆڕشی ئێران (١٩٧٩) له بواری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، شوێنێکی تایبەتی هەیە و ئەزموونی سەربەخۆی خۆشی هەیە. سەرەڕای شکستی ئەم شۆڕشە، هەروەها سەرکوت و زەبروزەنگ لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە دژی ئەو خەڵکەی کە شۆڕشی خوڵقاند، ئاڵوگۆڕی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەئەسپایی و قورس لەناو خانە و شانەکانی کۆمەڵگادا هەروا درێژەیان هەیە. یەکێک لەو بوارانەی کە بە بەراورد لەگەڵ مەیدانەکانی تردا چالاکتر و بەرمێنترە، ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتییە کە خەریکە دەبێتە بەشێکی جددی لە ژیانی کۆمەڵایەتیی هاوولاتییانی کوردستاندا. ئامرازە کلاسیکییەکان و کەرەستە نوێیەکان لەم ماوەیەدا، هەر کامیان بەپێی توانا، کارتێکەری خۆی لەسەر هاوولاتییانی کوردستان بووە. دیارە پێچەوانەکەشی هەر لە ئارادا بووە.

هەر لە سەرەتای شۆڕشی ئێرانەوە، بە هۆی هاتنەکایەی پارتی و ڕێکخراوی کوردستانییەوە، چەشنێک لە ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی (ڕۆژنامە، گۆڤار و ڕادیۆ) هاتە کایەوە کە لە مێژووی کوردستانی ئێراندا، ڕووداوی لەم چەشنە رووی نەدابوو. کێشەی نەتەوایەتی و بەربەرەکانی بە دژی کۆماری ئیسلامی، لەسەر یەک ئەو پێداویستە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی هێنایە کایەوە کە لە بواری چاپەمەنیشدا کۆمەڵگا چالاک بێت. لەم دەورەیەدا، پارتی و ڕێکخراوە کوردییەکانی کوردستانی ئێران بۆ ماوەیەک، بەڵام گەلێک سنووردار، برەویان بە کاری چاپەمەنی (گۆڤار و ڕۆژنامە) دا. لەم دەورەیەدا کە شەڕی چەکداری بە دژی کۆماری ئیسلامی بوو و لەدواییدا لایەن ئەم ڕژێمەوە کوردستان میلیتاریزە کرا، بواری بۆ کاری گۆڤار و ڕۆژنامە گەلێک بەرتەسک بووەوە و سنووردار کرایەوە.

تایبەتمەندیی سەرەکیی ئەم سەردەمە کە چاپەمەنییەکەی حیزبی و سیاسی بوو، دەستی باڵای هەبوو. لەبەر ئەوە، ئاراستە و هەوڵی سەرەکیی ئەم کەرەستانە، پروپاگەندە، بابەتی سیاسی و لەقاودان بوون. بەڵام لە هەمانکاتیشدا، ئەو گرفتە جددییەیان هەبوو کە بە هۆی نیزامی بوونی هەلومەرجەکە، پەیوەندیگرتن بە خەڵکەوە، بۆیان زەحمەتتر، ئاڵۆزتر و تەنانەت پڕخەتەرتر دەبووەوە. لەبەر ئەوە، کاری ڕادیۆیی، خێرا جێی بە (گۆڤار و ڕۆژنامە)کان لەق کرد و شوێنی ئەوانی پڕ کردەوە. گەرچی ئەمیش هەر لە بواری ناوەرۆکەوە هەر ئەو دەور و ڕۆڵەی دەبینی. پروپاگەندە، بابەت و لەقاودانە سیاسییەکان هێڵی سەرەکی بوون، بەڵام کەمخەتەرتر بوو. جیا لەمانەش، لە کۆمەڵگەی کلاسیکی کوردستاندا، خەڵک بە ڕادیۆ ڕاهاتبوون تا بە خوێندنەوە.

لە قۆناغی دواتر، یان دەوری دووەمدا، کە کەشوهەوای سیاسیی ئێران و کوردستان بە هۆی چالاکبوونی هاوولاتییان ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات، بوارێکی نوێ لە کۆمەڵگای کوردستاندا کرایەوە. لە لایەک گیروگرفتەکانی ناو ڕیزەکانی دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامی وەکو ململانێی ئاشکرای نێوان لاباڵەکانی حکوومەت (ڕێفۆرمخوازەکان) و (ڕاستئاژۆ و کۆنسێرڤاتیست)ەکان، قووڵتر بووبوونەوە و لە لایەکی تریشەوە هاوولاتییانیش وەکو هاوکێشەیەکی سەربەخۆ و وەکو هێزێکی ماددی چوونە ناو یارییە سیاسییەکانی کۆمەڵگای ئێران و کوردستانەوە. ئەم بارودۆخە کەشوهەوایەکی سیاسی و کۆمەڵایەتییەکی تری لە کوردستاندا هێنایە گۆڕێ.

تایبەتمەندی لەم دەورەیەدا، کە لە هی پێشوو جیای دەکاتەوە، جموجووڵی سیاسی، کولتووری و ڕۆشنگەریی ئێران و کوردستانە کە بێ شک کەرەستە و میکانیزمی تایبەت بە خۆیشی پێویست بوو. ڕۆژنامەگەری و لەدایکبوونی گۆڤار و ڕۆژنامەی یەکزمانە و چەندزمانە (کوردی و فارسی) یەکێک لە پێناسە سەرەکییەکانی ئەم دەورەیەیە. گەرچی بواری چالاکی و نووسینیان بەرتەسکە و هەڕەشە، داخستن و سانسۆر وەکو شمشێری دامۆکلیس هەمیشە بەسەر سەریانەوەیە، بەڵام بزووتنەوەی سیاسی، کولتووری و ڕۆشنگەری کە هاندەری بەشێکی زۆریان هەست و کێشەی نەتەوایەتییە، هەروا درێژەی هەیە.

ئەم قۆناغە کە هاوکاتیشە لەگەڵ تەقینەوە و شەپۆلی ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی، وەکو ئینتەرنێت و ڕۆژنامەی ئەلکترۆنیکی، هەروەها دەستکەوتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستانی عیراق، ڕۆژنامەگەری و بزووتنەوەی نووسینی بەرەو قۆناغێکی سەرتر بردووە. وتارنووسان، چیرۆکنووسان و ڕەخنەگرانی ئەدەبیی کوردستانی ئێران، کە هاوکات ئاڵوگۆڕ و دەستکەوتەکانی کوردستان عیراق کاری تێکردوون، ئەو دەرفەتەشی بۆ ڕەخساندوون کە لە جوگرافیای ئەودیویشدا بوونی خۆیان ڕابگەیەنن. هاتنەکایەی دەیان ڕۆژنامەنووسی کورد کە دەرچووی زانکۆکانی ئێران و کوردستانن، دیاردەیەکی گەلێک نوێی کۆمەڵگای کوردستانە لەم سەردەمەدا. هەر ئێستا نزیک بە ٧٠ گۆڤار و ڕۆژنامە لە کوردستانی ئێراندا وەشانیان هەیە.

دیارە لەم بوارەشدا، وێبلاگنووسانیش، وەکو لایەنێکی نوێ لە ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی؛ بەتایبەتی لە بواری چاپەمەنیدا، ڕۆڵ و شوێنی خۆیان هەیە و هەندێک لەوانیش لە زانیاریگەیاندن و دەستاودەستکردنیشی بەگوێرەی توانایان دەوریان بینیوە. بەهێزبوونی مەیل و لایەنی زانیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتی بڵاوکردنەوە بە جێگای پروپاگەندە کە تایبەتمەندیی ئەم سەردەمەیە، مەیدانی بە کار و ڕۆژنامەنووسی و ڕۆژنامەی کلاسیک، هەروەها قاڵبگرتوو و وشکەسۆفییانە، تەنگ کردووەتەوە.

٢٠٠٥/٧/١

× بەڕێوەبەری سایتی kurdistanpress.com

# نیمچەسەرنجێك لە یادی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا



## هەرێم جاف - لەندەن




ژیانی ڕۆژنامەی کوردی، ڕووی ژیانی کۆمەڵگای کوردە. بۆ ڕوونتربینینی ئەم ڕووەش، گەرەکە بە دیدێک تێی بنۆڕین کە تایبەتمەندیی سەردەمی ئەو دەمانەی کە ڕۆژنامەی کوردی تێدا زاوە و دەژی لەبەر چاو بگرێت.

ڕۆژنامەی کوردی لەگەڵ سەردەمدا گۆڕاوە. کاتێک ستەمی لەسەر بووە، ئازاد نەبووە. کە لە ڕێگای داگیرکەرەوە دەرچووە، بووەتە هۆی فریودان و مەترسی خستۆتەوە. کە بووەتە سامانی سیاسیی پارتەکان، بیروبۆچوونی تەسک کراوەتەوە؛ بە جۆرێک کە هەمیشە پاسەوانێک لەبەر دەرکی ڕۆژنامەکاندا ڕاگیراوە بۆ ئەوەی ئەو بابەتانەی کە بە دڵی نییە دەست بە ڕوویاندا بنێت و ئەوانەشی کە دەیەوێت پێشوازییان لێ بکات.

ڕۆژنامەی کوردی، وەکو کورد خۆی، بە چەندین هەڵکشان و داکشاندا ڕۆیشتووە. وەکو کورد خۆی چووەتە شاخ و سەنگەری گرتووە و کۆچەر بووە. لە شاریشدا، سەرەڕای سەرکوتکردن و ژێردەستی، گوتاری خۆی بە هێماوە ڕاگەیاندووە. لە هەندەرانیش، لەپاڵ گرفتی ئابووری و نەبوونی دەستگای ڕۆژنامەگەریی کوردی، هێشتا هەر جێگە لاپەڕەی دیارە. ڕۆژنامە پێویستی بە ئابووری و ئازادییە. بۆ ئەوەی ئازادی بێتە کایەوە، دەبێت ڕۆژنامە ئازاد بێت. ئەم پێداویستییە بنەڕەتییانەی ژیان بەبێ ئازادبوون و سەقامگیربوونی نەتەوەیی بە دەست ناهێنرێن، ئەگەر بە دەستیش بهێنرێن، پڕن لە کەموکورتی. ڕۆژنامە پێویستە قانوونی شارستانی پاڵپشتی بێت و لەپێناو بەگەڕخستنی کۆمەڵی شارستانیدا بژی.

ئەم بابەتە گوڕی ئەوەی پێ نییە هەموو لایەنێکی ڕۆژنامەگەریی کوردی تاووتوێ بکات، بەڵام پریاسکەیەک گلەیی پێیە! ئێمە هێشتا ڕۆژنامەی ڕۆژانەمان نییە. ئەوانەی هەمانن، لەڕاستیدا، زمانی لەقاڵبدراوی پارتییە ڕامیارییەکانن، ڕۆڵی سەرەکییان بۆ بەگەڕخستنی ئازادی نییە، بەڵکو بۆ پیاهەڵدان بە شکۆ و بەژنوباڵای بەرنامە ڕامیارییەکانیانن، بۆیە ناتوانرێت وەک ڕۆژنامەی ئازادی نەتەوە ناو ببرێن. ئەم ڕۆژنامانە، سەرڕاستانە، ڕاستییەکان وەک خۆیان ناگێڕنەوە.

بزریی بژارکار لەناو ڕۆژنامە کوردییەکاندا، بەگشتی، زمانی کوردی بەرەڵا کردووە. ڕۆژنامەکانمان پێویستە بە زمانی پاڵێوراوی کوردی بنووسن. زۆرجار ڕۆژنامەوان بە مەبەستی خۆهەڵکێشان پەنا دەباتە بەر وشە داتاشراوەکانی بێگانە و چۆنی گەرەک بێت ئاوا دایاندەڕێژێت. ئەم دڵساردییە ڕۆژنامەی کوردی بە ڕێگایەکی ڕاستدا نابات، بگرە دڵسۆزی لە هەڵساندنەوە و گەشەپێدانی زمانی نەتەوە لە بیر دەکات، نەوەی نوێ فێری زمانێکی گەوج و گێڕ دەکات. ئەم دیاردانەش دەیسەلمێنن کە ڕۆڵی بژارکار لەناو ڕۆژنامە کوردییەکاندا خانەی بەتاڵە.

ڕۆژنامە کوردییەکان زیاتر بەرەو ڕۆژنامەی ناوچەیی هەنگاو دەنێن و زاراوەی سۆرانی تاقە سەرچاوەیانە. لەجیاتی سوود لە زاراوەکانی دیکەی کوردستان وەربگرن، دەست لە وشەکانی بێگانە پان دەکەنەوە. بەمەش ئەو ئەرکەی کە ڕۆژنامەی کوردی لە ئاست نزیکخستنەوەی زاراوە کوردییەکان لە ئەستۆیدایە، لە بیر دەکەن. دەکرا ڕۆژنامەی کوردی شوێن سەربەخۆیی پیت و وشەکانی بکەوتایە.

ڕۆژنامەکان کوردین، بە زمانی کوردی تێیاندا دەنووسرێن! بەڵام ڕۆژ، مانگ و ساڵی ژمارەی پەڕەکانیان ئینگلیزین. ئەم شێوازە نە هونەرە و نە هیچ کارئاسانییەک بۆ ڕۆژنامەکان دەکات. مەرج نییە ئەوکەسەی ژمارەی لاپەڕەکانی بۆ خوێندرایەوە، ئیدی بتوانێت لە ناوەڕۆکەکەش بگات.

نەبوونی ناسنامە لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا لایەنێکی دیکەیە کە پشتگوێخراوە. ڕوون نییە ئەم ڕۆژنامانە ڕەوتی بیری دانیشتوان بەرەو کوێ دەبەن، نوێنەری کام توێژی کۆمەڵگان، تا چەند لە سکاڵا و نیازی دانیشتوانەوە نزیکن، تا چەند بوێر و ڕاستگۆن! ڕۆژنامە کوردییەکان هەڵگری هەموو ڕێبازێکی کۆمەڵایەتین، ئەمەش لە پەرت و بڵاوی باری کۆمەڵایەتی و ڕامیاری کوردەوە سەرچاوە دەگرێت.

نەبوونی ئازادی و گرفتی ئابووری، بە درێژایی سەدەیەک، تەگەرەی سەرەکیی بەردەم ڕۆژنامەی کوردی بوون. ئەو پاسەوانەی کە بە بیری پارت و هێزی دەستەڵاتدارەوە بڕیاری بوون و نەبوونی لەدایکبوونی وشەی دەدا، زانستی ئینتەرنێت چەکی کرد. ڕۆژنامەکان توانییان بە نرخێکی کەم بێنە ناو تۆڕەکانەوە. هاتن، بەڵام گیروگرفتیان لەگەڵ خۆیاندا هێنا.

ئەو ڕۆژنامانەی کە لەپێشدا چاپ دەکرێن و پاشان دەخرێنە سەر ئینتەرنێت و ئەوانەش کە هەر لەوێدا لە دایک بوون، بەدەر نین لەو کەموکورتییانەی کە لە سەرەوە نووسراون. ئەمانەش ڕۆژنامەی ڕۆژانە نین، چونکە بەپێی کات و بۆکرانی هەڵسوڕێنەرانیانەوە دەردەچن. نەبوونی ناسنامەی ڕۆژنامەی ناو تۆڕیش، خوێنەرانی چەواشە کردووە. لە لاپەڕەیەکدا دەیان بابەتی جیاواز ڕیز کراون. ئەمانە ڕۆژنامە نین. ئەگەر گۆڤاریش بن، ئەوا جێگای هێندە بابەتیان تێدا نابێتەوە.

بەکارنەهێنانی ژیرانەی ئەو دەرفەتەی کە ئینتەرنێت بۆ ڕۆژنامەی کوردی ڕەخساندووە، هەڵەی ڕۆژنامە چاپکراوەکانی کتومت گواستۆتەوە بۆ ناو تۆڕ. سەرەڕای ئەو دەرفەتەی لە باشووری وڵاتدا ڕەخساوە، کەچی هێشتا ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە، بە پێوەری ڕۆژنامەگەری، نییە و لە دایک نەبووە. مخابن، ئەو ماڵپەڕە کوردییانەش کە هەن، چونکە بەرفراوانن، زۆریان تێدا دەوترێت و هەڵەی زۆریان تێدا دەکرێت، پڕن لە بابەتی لەبێژنەدراو و ئاخنراون بە زمانی کەچ و بابەتی کرچ. هەڵسوڕێنەرانەی ئەم ماڵپەڕانە، لەوە دەچێت، کارەکانیان زیاتر لە دڵسۆزییەوە سەرچاوە بگرێت، نەک لە پیشەوە.

ئەو ئازادییەی کە ئینتەرنێت ڕەخساندوویەتی، ڕۆژنامەی کوردی نەک بەباشی سوودی لێ نەبینیوە، بەڵکو تووشی گێژاویشی کردووە؛ گێژاوێک کە نزیکە خۆی تێدا ون بکات و خوێنەرانیش بە خۆیەوە بخنکێنێت.

ئازادی پێویستییەکی گرنگە بۆ ڕۆژنامە و کۆمەڵگا. ئەم پێداویستییەش ئەوە ناگەیەنێت کە ڕۆژنامەنووس بە هەر زمانێک کە خۆی پێی خۆشە هەڵیبژێرێت و پێی بنووسێت. ماڵپەڕە کوردییەکان بە شێوەیەک شلیان کردووە کە جوێن کراوەتە شێوازێکی تری دەربڕین لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا. ڕێگەدان بەم شێوازانە نەک تەنها ئازاردانی ڕۆژنامەی کوردییە، بگرە پیشەی هەڵسوڕێنەرانی ماڵپەڕەکانیش دەخاتە ژێر پرسیارەوە. مخابن، هەندێک نووسەر بە ناوی هونەر و شێوازی نوێوە، بە هۆی پەتای ڕقوقینەوە ئەم دیاردانە دێننە ناوەوە. کاتێک نووسین دەبێتە جوێن، ئیتر لە نووسین و کەرەستەی ڕۆژنامە دەکەوێت و دەبێت بخرێتە شوێنێکی ترەوە. ڕۆژنامە لانەی زمانی گفتوگۆی شارستانییانەیە، بۆیە ئەوەی ئەم شارستانییەتەی گەرەک بێت، نەک لە ئاست ئەم دیاردە مەترسیدارانە بێدەنگ نابێت، بگرە بە پێنووسەوە لە دژی سەنگەر دەگرێت.

# ئایا هەردوو ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و خەبات توانیویانە ڕای گشتی (ئۆپنیۆن) ساز بکەن؟

**کەریم مستەفا ـ ئوسلۆ**

ئەم نووسینە، ئەنجامی خوێندنەوەی بەردەوامی هەردوو ڕۆژنامەی ناوبراوە. مەبەستی نووسینەکە ستایش یان بێنرخکردنی هیچ کام لەو دوو ڕۆژنامەیە نییە. ئەنجامگیرییەکان گشتین و نموونە بۆ بەشەکانی نووسینەکە نەهێنراونەتەوە.

هەوڵم داوە دەستنیشانی دوو هۆکار بکەم، کە بە بۆچوونی من، ڕێگرن/ڕێگر بوون لە بەردەم ئەو دوو ڕۆژنامەیەدا کە نەتوانن ئۆپنیۆن ساز بکەن ـ یان ڕاستتر ـ کاریگەرییان هەبێت لە سازکردنی ئۆپنیۆندا.

هۆکارەکان:

١ـ هۆکارە خودییەکان، ئەو هۆکارانەی کە ڕاستەوخۆ بەو دوو ڕۆژنامەیەوە پەیوەستن، ئەوانیش دووانن:

ئا. هۆکارە سیاسییەکان.

ب. هۆکارە هونەرییەکان؛ تەکنیکی و پرۆفیشنالییەکان.

٢ـ هوکارە بابەتییەکان؛ ئەو هۆکارانەی کە لە دەستەڵاتی ڕۆژنامەکان بەدەرن.

١ـ هۆکارە خودییەکان

ئا. هۆکارە سیاسییەکان

لەبەر ئەوەی هەردوو ڕۆژنامەی ناوبراو زمانحاڵی دوو حزبن و تەنها حزب خاوەن و بڕیاردەرە لەو دوو ڕۆژنامەیەدا، بۆیە:

ـ نزیکەی هەموو ژمارەکانی ئەو دوو ڕۆژنامەیە، لاپەڕەی یەکەمیان بە وێنەی سەرکردەی حزبەکانیان دەڕازێننەوە، جاروباریش وێنەی ئەندامانی دیکەی سەرکردایەتیی حزبیش چاپ دەکرێت!

ـ هەر یەک لەو دوو ڕۆژنامەیە تەنیا هەواڵی پارتییەکەی خۆیان و ئەو چالاکییانەی کە لە دەڤەری ژێر دەستەڵاتی حیزبی خاوەن ڕۆژنامەدایە، بڵاو دەکاتەوە. نزیکەی هیچ هەواڵ و باسێک لە دەڤەری ئەولا نییە. نەک هەر هەواڵی سیاسی، بگرە هەواڵە هونەری و وەرزشی و ڕۆشنبیری و ئەدەبییەکانیش دەچنە ژێر هەمان ڕێساوە. (ئەم ڕێسایە، تەنیا لە کاتی ڕووداو ـ کارەسات لە دەڤەرەکەی ئەولا، یان لە کاتی کۆبوونەوەی هەردوو سەرکردە/مەکتەب سیاسیدا دەبەزێندرێت!)

ـ دەگمەنە لە کۆی ئەو دوانزە (١٢) لاپەڕەیەی کە هەردوو ڕۆژنامەکە هەیانە تەنیا ستوونێکیش بیروباوەڕ و بۆچوونی جیاواز لە دید و بۆچوونی حیزبی خاوەن ڕۆژنامە بخوێنیتەوە.

ـ گەرچی هەر یەک لەو ڕۆژنامانە زمانحاڵی دوو حیزبی خاوەن ڕابوردوویەکی درێژ و سەختی خەباتن (سیاسی و چەکداری)، بەڵام کە دێتە سەر باسی ڕابوردووی خەبات (مەبەست خەباتی ڕزگاریخوازیی کوردە) و دەستکەوتەکانی ئێستا (بەدەر لەوەی هۆکاری ڕاستەقینەی دەستکەوتەکان چین و چۆن پەیدا بوون) هەر ڕۆژنامەیە و مێژووی ئەو خەباتە دەگەڕێنێتەوە بۆ حیزبەکەی خۆی و نەک هەر هیچ نرخێک بۆ حیزبەکەی دیکە، بگرە بۆ هیچ کەس و حیزبێکی دیکەش دانانێت و گشت سەرکەوتن و هەنگاوی مێژوویی دەکەن بە موڵکی سەرکردە و حیزبی خۆیان.

ئەم کارەش، بە مەبەست بێت یان بێ مەبەست، شێواندنی مێژووی کورد و کوردستانە!

ـ قەبەکردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی (حکوومەتە)کانی سەر بەو حیزبانە کە لە دەڤەرەکانی بن دەستەڵاتی خۆیاندا جێبەجێی دەکەن. (مەبەست بێبەهاکردنی ئەو حکوومەتانە و کارەکانی نییە، بەڵام کاتێک کە حکوومەتێک تەنیا شارێک یان دووانی لەژێر ڕکێفدا بێت، ئیدی دەبێت وەک ئەرکی سەر شانی هەموو حکوومەتێک خزمەتگوزاری پێشکەش بەو خەڵکانە بکات کە نیشتەجێی ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی ئەو حکوومەتەن!)

ئەگەرچی ئەو ڕاستییەش لە ئارادایە کە ئەو حکوومەتانە هاتنە سەر (وێرانەخاک) بەڵام ئەو ماوەیەی کە لە دەستەڵاتدان وا (١٣ ساڵە)! دەبێت ئیشارەت بەوەش بدرێت کە هەر یەک لەو دوو ڕۆژنامەیە لاپەڕەیەکیان بۆ کاروباری هاووڵاتییان و گلەیی و گازندەکانیان تەرخان کردووە. بە ڕای من، ئەو هەموو

**ئەگەرچی سەرمایەیەکی باش (چ ماددی و چ مرۆیی) بۆ بەڕێوەبردنی هەردوو ڕۆژنامەی ناوبراو تەرخان کراوە، بەڵام لایەنە هونەرییەکان لە ئاستێکی مامناوەندیدان.**






سکاڵا و گازندەیەی کە بە هۆی ناتەواویی پرۆژەکان و کەمیی خزمەتگوزارییەکانەوە لە لایەن هاووڵاتییانەوە دەخرێنە ڕوو، ڕاستی و دروستیی پرۆژەکانی ئەو حکوومەتانە دەخەنە ژێر پرسیارەوە!

ب. هۆکارە هونەرییەکان؛ تەکنیکی و پرۆفیشنالییەکان

هەردوو ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و خەبات بەپێی پۆلینکردنی ڕۆژنامە دەچنە ڕیزی ڕۆژنامەی تابلۆید (Tabloid)ەوە، لەبەر ئەوەی:

ـ قەبارەی لاپەڕەکانیان بچووکە (A3).
ـ وێنەی زۆریان تێدایە.
ـ بابەت و هەواڵەکان کورت و هەمەچەشنەن.
ـ هەواڵ و چالاکیی کەسانی بەناوبانگ و ناسراو بڵاو دەکەنەوە و لەسەریان دەنووسن.
ـ هەواڵی وەرزشی بڵاو دەکەنەوە.

بەڵام ئەو دوو ڕۆژنامەیە لە زۆر ڕووەوە لە ڕۆژنامەی تابلۆید دوور دەکەونەوە:

ـ لە لاپەڕەی یەکەمدا چەند وێنە بڵاو دەکەنەوە، هەندێ جار تا هەشت وێنە چاپ دەکەن، لەکاتێکدا ڕۆژنامەی تابلۆید یەک یان دوو وێنە لە لاپەڕەی یەکەمدا چاپ دەکات.
ـ لە لاپەڕەکانی ٣، ٤، ٧ و ٨دا بابەتی جددی و دووردرێژ (هەندێ جار ٢ یان ٣ بەشن) بڵاو دەکەنەوە.
ـ لە لاپەڕەی ١١دا ئاگاداری، بەتایبەتی (دادگاکان)، بڵاو دەکەنەوە؛ کە ئەمە بەتەنیا کاری ڕۆژنامەی حکوومییە.
ـ بە پێچەوانەی ڕۆژنامەی تابلۆیدەوە، ئەم دوو ڕۆژنامەیە ڕاپرسی دەربارەی تێڕوانینی خەڵکی دەربارەی کێشە گشتییەکان وەک هاتوچۆ، باری ئابووری، خانووبەرە و کێشەی نیشتەجێبوون، تێڕوانینی گەنجان (نێر و مێ) بەرامبەر بە یەکدی، ڕازیبوون یان ناڕازیی خەڵکی لە حکوومەت و دەسەڵات، ناکەن و نزیکەی هیچ فاکتێک بڵاو ناکەنەوە.

ئەگەرچی سەرمایەیەکی باش (چ ماددی و چ مرۆیی) بۆ بەڕێوەبردنی هەردوو ڕۆژنامەی ناوبراو تەرخان کراوە، بەڵام لایەنە هونەرییەکان لە ئاستێکی مامناوەندیدان، چونکە:

ـ سەرچاوەی هەواڵەکانیان، یان حزبەکانی خاوەنیانە، یان لە ڕۆژنامە و سایتەکانی ئینتەرنێتی وەردەگرن.

## نەبوونی ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان، وا دەکات کە سەرچاوەی هەواڵی ڕۆژنامەکان تەنیا حیزبی بێت.

ـ لەبەر نەبوونی کادیری شارەزا هەواڵەکان ساکاری و ناپرۆفیشناڵییان پێوە دیارە، جگە لەوەش کە بەدواداچوونی هەواڵ زۆر کەمە. واتە هەواڵێک یان بابەتێک دەگمەن دووبارە یان سێ بارە دەبێتەوە. کە ئەم شێوازە گرنگترین شێوازە بۆ سازکردنی ئۆپینیۆن (ڕای گشتی).
ـ نەبوونی یان کەمیی هەواڵنێرەکان لە ناوچەکانی کوردستاندا دیسان دەبێتە هۆی کەمیی سەرچاوەی هەواڵ بۆ ڕۆژنامەکان و شێوازی گێڕانەوەی هەواڵ نەک شێوازی خەبەری.
ـ زۆربەی زۆری بابەتە (هونەری و زانستی) بیانییەکان سەرچاوەکانیان ڕۆژنامە و سایتە عەرەبییەکان و فارسییەکانن، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە کەسانی شارەزای زمانەکانی دیکە، بەتایبەت ئینگلیزی، زۆر کەمن لە ستافەکانی ئەو دوو ڕۆژنامەیەدا.
ـ نەبوون یان کەمی و لاوازیی کاریکاتێر بەتایبەت لەسەر بابەتە سیاسییەکان کارێکە وا دەکات خوێنەر/خەڵکی ئەم ڕۆژنامانە نەکڕن.
ـ کەمیی ژمارەکان. هەر یەک لەو دوو ڕۆژنامەیە لە ناوچەیەکدا بڵاو دەبنەوە کە ژمارەی دانیشتووانەکەیان لەنێوان یەک تا یەکونیو ملیۆن کەسن، بەڵام ژمارەی ڕۆژنامەیان لە ١٠ بۆ ١٥ هەزار دانە زیاتر نییە، واتە بە ڕێژەی (١٪)ی دانیشتووان.
ـ بەرزیی نرخی ڕۆژنامە لەچاو داهاتی خەڵکدا بەتایبەتی فەرمانبەران و مووچەخۆران.

٢- هۆکارە بابەتییەکان؛ ئەو هۆکارانەی کە لە دەستەڵاتی ڕۆژنامەکان بەدەرن، ئەم هۆکارانەش دەبن بە دوو بەشەوە:

ئا. هۆکارە ماددییەکان

ـ نەبوونی ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان، وا دەکات کە سەرچاوەی هەواڵی ڕۆژنامەکان تەنیا حیزبی بێت، ئەمەش لای کەسانی بێلایەن یان لایەنگرانی پارتییەکانی دیکە زۆر جێگەی بڕوا نەبێت و تەنیا وەک پڕوپاگەندەی حیزبی وەربگیرێت.
ـ کەمیی شوێنی ڕۆژنامەفرۆشتن (هەر بە گشتی کەمیی شوێنی چاپەمەنی فرۆشتن بە هەموو جۆرەکانییەوە) بە جۆرێک کە لە ناوەڕاستی شارەکان دوور بکەویتەوە، بە دەگمەن دەبینرێن.
ـ زۆریی ڕۆژنامە و هەفتەنامەی دیکە کە نزیکەی هەمووان هەمان بابەت دووبارە دەکەنەوە. زۆری کەناڵەکانی تەلەفیزیۆن.
ـ زۆریی ڕۆژنامە و کەناڵی تەلەفیزیۆنیی عەرەبی کە سەرچاوەی هەواڵەکانیان لە سەرچاوەی هەواڵی ڕۆژنامە و کەناڵە کوردییەکان فراوانترە و زیاتر خوێنەر و بینەر بە لای خۆیاندا ڕادەکێشن.


ب. هۆکارە مرۆڤییەکان

ـ بەرزیی ڕێژەی نەخوێندەواری. بەپێی ئاماری (UN) نزیکەی ٢٥٪ی خەڵکی عیراق نەخوێندەوارن. کوردستانیش وەک بەشێک لە عیراق ئەو ڕێژەیە دەیگرێتەوە. ئەم هۆکارەش بۆتە هۆی کەمیی خوێنەری ڕۆژنامە بە گشتی (حیزبی و ئەهلی).
ـ خراپیی باری ژیان و نائارامی لە عیراق و کوردستان وەک بەشێک لە عیراق، کار دەکەنە سەر ڕێژەی خوێنەران و (بڕوانە: دواڕاپۆرتی وەزارەتی پلاندانانی عیراق بە هاوکاریی (UN) ئەنجام دراوە. لە ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت، ٢٠٠٥/٥/١٣، بڵاو کراوەتەوە.)
ـ ڕۆژنامەکڕین و ڕۆژنامەخوێندنەوە هێشتا نەبوونەتە (خوو و عادەت) لە کوردستاندا، لەبەر ئەوەی تەمەنی ڕۆژنامەی کوردی (مەبەست ڕۆژنامەی ڕۆژانەیە) هێشتا پانزە ساڵی پڕ نەکردۆتەوە، لەکاتێکدا لە هەندێ وڵات و ناوچەدا (لە ٢٠٠ تا ٢٥٠ ساڵ تێپەڕیوە).
ـ زۆربەی خوێنەرانی ڕۆژنامە و (خوێنەر بە گشتی) زۆر جددی نین لە بەشوێنکەوتنی بابەتەدا (بە کورتی و کرمانجی) خوێنەری جددی کەمن! ئەوەش لەوەدا دەردەکەوێت کە لەسەر بابەتە بڵاوکراوەکان و هەواڵ و بۆچوونەکان، نزیکەی هیچ ڕەخنە و سەرنج و ڕەتدانەوەیەک نانووسرێن.

٢٠٠٥/٥/٢٥

# ئەزموونی ڕۆژنامەی کوردیی دوای ڕاپەڕین

## ئاشتی شەریف




دوابەدوای ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی بەهاری ١٩٩١، ڕۆژنامەگەریی کوردی چووە قۆناغێکی تازەی زۆر بە پیت و گەشدارەوە، لەگەڵ هەڵمژینی هەناسەی ئازادی بۆ یەکەم جار لە مێژووی گەلی کورددا، ڕۆژنامەگەریی کوردی هاتە مەیدانی کار بۆ وەگەڕخستنی هەوڵ و تواناکانی لاوانی کورد لە بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەریدا بە مەبەستی دروستکردنی سەکۆیەکی تازەی ئازادی و خوڵقاندنی نەوەیەکی داهێنەر و بنیاتنانی چەندین دەستگای ڕۆژنامەوانیی کوردی کە هەر یەکە و بوونە خوێندگایەک لە پێگەیاندنی کادیری ڕۆژنامەوانیی کوردی. بۆ خوێندنەوەی ئەو قۆناغە تازەیەش دەبێت سەرەتا ئاماژە بە ڕۆڵی هەندێ ڕۆژنامەوان و دەستگای ڕۆژنامەوانی بکەین کە دەکرێت بە هەوڵی سەرەتایی سەرهەڵدانی شۆڕشی تازەی ڕۆژنامەگەری لە کوردستانی نوێدا ناوزەدیان بکەین.

لە سەردەمی شۆڕشی شاخدا دەیان ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی بە چاپ دەگەیەنران، کە هەم چالاکیی پێشمەرگە و دەنگوباسی ڕێکخستنەکانی ناوشار تێیاندا بڵاو دەکرانەوە، هەم دەیان وتاری شۆڕشگێڕی و سەدان بابەتی ڕۆژ لەسەر لاپەڕەکانیان پەخش دەکرا، بەڵام گەورەترین کێشەی ئەو ڕۆژنامانە بە هۆی نهێنیی ڕێکخستنەکان و فشاری دامودەستگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێمی بەعس، زۆربەی هەرە زۆری گەلی کورد لێی بێ بەش دەبوون، جگە لەوەش تەنانەت گەیاندنی بڵاوکراوەکانی شۆڕش بۆ خودی تەشکیلاتی پێشمەرگە لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا کارێکی ئەستەم بوو، هەم لەبەر سەختیی ڕێگاکان و هەم لەبەر نهێنیی گەڕان و سووڕانی تەتەرەکان، بۆیە دەرکردنی ڕۆژنامەی شاخ لە شاردا دوای ڕاپەرینی بەهار ئەزموونێکی پڕبایەخ بوو، هەم لە ڕووی ناساندنی ڕاگەیاندنی شۆڕش بە جەماوەری ناو شار و هەم بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە گەورەیەی کە دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕین هاتە پێش. ئەوە بوو هەندێ کادیری شۆڕش، ئەوانەی پێشتر ئەزموونێکی باشیان هەبوو لە کاری ڕۆژنامەوانی شاردا، کەوتنە خۆ بۆ ڕاکێشانی ڕۆژنامەی شاخ بەرەو شار بەمەش دانانی بەردی بناغەی ئەزموونێکی تازەی ڕۆژنامەوانی لە کوردستاندا. یەکەم ئەزموونیش لەم بارەیەوە چاپکردنی ڕۆژنامەی «ڕێگای ئازادی»ی حزبی سۆسیالیستی کوردستان بوو کە یەکەم ژمارەی لە مانگی مایسی ١٩٩١ گەیشتە چاپ کە هێشتا دامودەستگاکانی بەعس لە شارەکانی کوردستاندا مابوون و نەکشابوونەوە. ئەم تەجرەبەیە هانی ڕۆژنامەنووسانی لایەنەکانی تریشی دا بۆ هاتنە مەیدان، ئەوە بوو پەیتا پەیتا ڕۆژنامەکانی شاخ جارێکی تر هاتنە بڵاو کردنەوە لە شاردا، تا گەیشتە ئاستی دەرکردنی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی کە ئەویش «کوردستانی نوێ»ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو کە دەکرێت بە دەستپێکی شۆڕشی تازەی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە کوردستاندا حسێب بکرێت، چونکە ئەم ڕۆژنامەیە وردە وردە بوو بە فێرگەیەکی گەورەی پێگەیاندنی دەیان کادیری ڕۆژنامەوانی کورد.

پەخشکردنی یەکەم کەناڵی تەلەفزیۆنیی ناوخۆییش ئەزموونەکەی دەوڵەمەندتر کرد و بزووتنەوە تازەکەی گەیاندە ئاستێکی زۆر باش و پێشکەوتوو، ئیتر وردە وردە بواری ڕۆژنامەگەریی کوردی ڕێگای خۆی گرتە بەر و دەیان و سەدان ڕۆژنامە و گۆڤاری تازە هاتنە مەیدانی کار بە شێوەیەک کە لە مێژووی درێژی کورددا شتی وا ڕووی نەدابوو.

ئەگەرچی سەرەتای شۆڕشی تازەی ڕۆژنامەگەریی کوردی بە ڕاگەیاندنی حیزبی دەستی پێکرد؛ ئەویش هەڵبەت لەبەر هەلومەرجی ئەوسای شۆڕش بوو، بەڵام تەنیا دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردی لەو هەلومەرجە ناسکەدا بە شێوەیەکی ڕێکوپێک خۆی لە خۆیدا هاندەرێک بوو بۆ هاتنە کایەی ڕۆژنامەی ئازادی کوردی.

گەورەترین نسکۆی ڕۆژنامەگەریی کوردی دوای ڕاپەرین، هەڵخزانی هەندێ لەو ڕۆژنامانە بوو بۆ ناو شەڕی ڕاگەیاندن کە هاودەنگی هەڵگیرسانی شەڕی خۆکوژیی کورد بوو، نەشدەکرا ئەو ڕۆژنامانە حیزبییانەی کە سەر بە لایەنەکانی شەڕی ناوخۆن نەبنە ئامرازێک و بەشێک لە هەڵمەتەکانی شەڕەکە، چونکە کارێکی ئاساییە هەر لایەنێک هەوڵ بدات هەرچی ئامرازێکی بە دەستەوەیە لە شەڕدا بەکاری بێنێت، بەڵام ئەوەی مایەی نیگەرانی بوو لەو کاتەدا، نەبوونی ڕۆژنامەی ئازاد و سەربەخۆ بوو کە دەورێکی ئیجابیانە بگێڕێت بە پێچەوانەی تێوەگلانی ڕۆژنامە حزبییەکان کە تا قوڕگیان کەوتبوونە ناو بۆتەی شەڕەکانەوە، تەنانەت هەندێ کەس وا بیر دەکەنەوە کە شەڕی ڕاگەیاندنی ئەوسا لە شەڕەکانی پێشمەرگە زۆر کاریگەرتر بوو. ڕۆڵی ڕاگەیاندن بە گشتی و ڕۆژنامە حزبییەکانیش بە تایبەتی لە شەڕی ناوخۆدا بە خاڵێکی ڕەشی نێوچەوانی ڕۆژنامەی کوردی حسێب دەکرێت.

**دوای ئاشتبوونەوەی لایەنەکانی شەڕی ناوخۆ، قۆناغیکی تازەی ڕۆژنامەگەریی کوردی ئازاد هاتە پێش و بە هۆی ئەو کەشوهەوا تازەیەوە هەندێ لە ڕۆژنامەنووسان دەستیان کرد بە دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤاری ئازاد.**

دوای ئاشتبوونەوەی لایەنەکانی شەڕی ناوخۆ، قۆناغیکی تازەی ڕۆژنامەگەریی کوردی ئازاد هاتە پێش و بە هۆی ئەو کەشوهەوا تازەیەوە هەندێ لە ڕۆژنامەنووسان دەستیان کرد بە دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤاری ئازاد، ئیدی لەملا و ئەولا ڕۆژنامەی تازەی سەربەخۆ هاتنە مەیدان بەتایبەتیش کە خەڵکی کوردستان وردە وردە لە ڕۆژنامە حزبییەکان بێزار بوون، بۆیە لەگەڵ دەرچوونی هەندێ لەو ڕۆژنامانە یەکسەر خەڵکی لە باوەشیان گرتن و بە شێوەیەکی بەربڵاو دەخوێنرانەوە، بەڵام ئەوەی جێی داخ و سەرنجیشە، هەندێ لەو ڕۆژنامانە هەمان دەوری تێکدەرانەی ڕۆژنامە حیزبیەکانیان گێڕا، بۆ نموونە هەندێکیان کەوتنە ڕەخنەگرتنێکی توندی حکومەتی هەرێم و دامودەستگاکانی بە شێوەیەک هەندێ جار دەیانگەیاندە سەر ئێسقان، هەڵبەت ئەوەشیان بە ناوی «ئازادیی ڕۆژنامەگەری»ەوە دەکرد، بەبێ ئەوەی هەلومەرجی دۆزی کوردی لەو سەردەمە ناسکەدا لەبەر چاو بگرن، بە تایبەتیش کە

هێشتا ڕژێمی سەدام لەسەر حوکم مابوو و هەڕەشەیەکی زۆر گەورەش بوو بۆ سەر ناوچەکەمان، لەوەش سەرنجڕاکێشتر ئەوە بوو کە تەنانەت هەندێ لە ڕۆژنامە حیزبییەکانی تریش؛ کە هێشتا ماون، ئەوانیش هەمان ڕێگەیان گرتەبەر لە گێچەڵکردن بە حکومەتی کوردی و دامودەستگاکانی، ئەگەرچی هەندێکیشیان لە خودی حکومەتەکەدا بەشدار بوون. ئەم گێچەڵکردنەش کاریگەرییەکی زۆری هەبوو بۆ سەر گۆڕینی ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی ئازادیی کوردی و دروستبوونی ڕۆژنامە «ڕووزەردەکان» کە ئەوەش تەعبیرێکی باوە لە جیهانی ڕۆژنامەوانیدا و بەو ڕۆژنامانە دەوترێت کە لە بڵاوکردنەوەی بابەتەکانیاندا تەنیا بە دوای وروژاندنی خوێنەرەکانیانەوەن.

ئێمە لە نووسینی ئەم بابەتەدا لەگەڵ ئەوەدا نین کە ئازادییەکان زەوت بکرێن، یاخود فشار بخرێتە سەر ڕۆژنامەنووس یا هەر ڕۆشنبیرێکی تری کورد تا ببێتە دەهۆڵلێدەری دەسەڵات، بەڵام دەکرێت لەگەڵ ئەوەدا بین کە ڕۆژنامەنووسی کورد ببێتە هۆکارێکی ئیجابی لە بڵاوکردنەوەی ڕاستییەکاندا، ئەویش تەنیا بە گێچەڵ ناکرێت، بەڵکو دەیان ڕێگەی تر هەن بۆ ڕەخنەگرتن و بڵاوکردەنەوەی ڕاستییەکان. یەکێکیش لە پرنسیپە سەرەتاییەکانی ڕۆژنامەگەری ئەوەیە کە ڕاستی تەنیا لەسەر زاری یەکێک یا لایەنێک وەرنەگریت، بەڵام زۆربەی ڕۆژنامەنووسانی کورد هەر ئەوەندە «ڕاستییەکی»یان لەسەر زاری یەکێک دەست کەوت، یەکسەر دەیکەنە مانشێتی گەورەی ئەو ژمارەیەی ڕۆژنامەکەیان، کە زۆرجاریش دوای وردبوونەوە دەردەکەوێت کە ڕاستییەکە وا نەبووە، ڕەنگە خودی ڕۆژنامەنووسەکەش هەندێ جار بزانێت کە ئەوەی بڵاوی دەکاتەوە هەموو ڕاستییەکان نییە، بەڵام بۆ ڕەواجدانی ڕۆژنامەکەی سڵی لێ ناکاتەوە، گرنگ ئەوەیە سەرنجی خوێنەرەکەی ڕابکێشێت و ئامانجەکەی بپێکێت، خۆ حکوومەتیش لەم حاڵەتانەدا ڕۆژنامەکە داناخات، ئیتر ڕاستییەکان چۆن دەشێوێنرێن ئەوە گرنگ نییە.

ڕەنگە هەندێ لە خوێنەرانی ئەم بابەتە وا زەن بکەن ئێمە یەکێک بین لە قەڵەمە بەکرێگیراوەکانی حکوومەت، کە ئەوەش وا نییە، بەڵام بۆ ڕەخساندنی زەمینەیەکی باشتری پێشکەوتنی بواری ڕۆژنامەگەریی کوردی و بە تایبەتیش ڕۆژنامەی ئازادی کوردی وا بزانم پێویستیمان بە بەخۆداچوونەوەیەک هەیە بە شێوەیەک ڕاستییەکان باشتر بخەینە ڕوو، دوور لە وروژاندنی خوێنەر و یاریکردن بە هەستەکانی، چونکە ڕۆژنامەگەریی سەردەمی ئازادی ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەیە لە دروستکردن و خوڵقاندنی بیر و بۆچوون و تێڕوانینی جەماوەر بەرامبەر بە ڕووداوەکانی ڕۆژ، لێرەشدا دەبێت ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ئاستی ئەو بەرپرسیاریەتییەدا بێت.

# گوڵەوەچنی!

## کارەبا و تەڵاق

بریکاری وەزارەتی کارەبا و وزەی عیراقی (فیدراڵ) دوای ئەوەی سەردانی (مەرجەعی عولیای شیعی؛ ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی) کرد، گوتی: "سەماحەتی سیستانی فەتوای سەریحی خۆی لەمەڕ کارەباوە بۆ داین."

فەتواکە چی بوو؟ نازانین!

بەڵام هەمیشە فەتوا سەروبەندێکی بە تەڵاقەوە هەیە. ئەگەر ئەم فەتوایەی سیستانی وەک فەتواکانی پێشووی بێت، ئەوا دەکرێت مەزەندە بکەین کە گوتویە: "هەر موسڵمانێک (شیعەیەک) گڵۆپێکی زیادە دابگیرسێنێت، ئەوا تەڵاقی کەوتووە!"

ئەی مەگەر فەتوای لەو چەشنەی نەدا بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا و خۆناونووسکردن لە هێزەکانی لەشکر و پۆلیسی عیراقدا!

وای بە حاڵی خەڵکی ئەو وڵاتەی کە کێشەی کەمی کارەبایان بە فەتوای مەلایەک بۆ چارەسەر بکرێت!

*بڕوانە: سایتی www.sistani.org و (شەبەکتولئەخبارول عیراق)*

## بەڵێ گۆ و ناگۆ!

"ئێمە هەردووکمان هانتان دەدەین بۆ ئەوەی ببنە پەرلەمنتارێکی زیندوو، بەڵێ گۆ نەبن، بەڵکو ناوبەناو ناگۆش بن و ڕەخنە بگرن و پێشنیاریش پێشکەش بکەن."

(گوتەکەی مام جەلال لە کاتی کردنەوەی پەرلەمانی کوردستان لە ڕۆژی ٢٠٠٥/٦/٤ لە هەولێر)

بڕوانە: ڕۆژنامەی خەبات ژمارە ١٨١٥، ڕۆژی ٢٠٠٥/٦/٥، ل٢

ڕەنگە پەیوەندییەک لەنێوان ئەو تەعبیرانە و ئەم بەسەرهاتەوە هەبێت.

دەڵێن: لە ناوچەی سابڵاخ ئاغایەک خزمەتکارێکی زۆر بەئەمەک و دڵسۆزی دەبێت. ئەم خزمەتکارە لە کاتی وەڵامدانەوەی ئاغایدا هەرگیز وشەی نەخێر/نا بە دەمیدا نەهاتووە.

ڕۆژێکی زستان بەفر دەبارێت و هەر خۆش ناکاتەوە، ئاغاش بە نیازی چوونەدەرەوە دەبێت، لە خزمەتکارەکەی دەپرسێت:

ـ ئەرێ کوڕە بزانە بەفر خۆشی نەکردۆتەوە؟

خزمەتکارەکەش دەڵێت:

ـ بەڵێ، نەخێر!

*ئەم بەسەرهاتە (حەسەنی قازی) گێڕاویەتەوە.*

## ڕەنجی فەرهاد!

فەرهاد شاکەلی بابەتێکی جالبی لەژێر سەردێڕی "ئەم هەڵوێستبازانە جێی متمانە نین" لە ژمارە ٩٣ی گۆڤاری مەڵبەنددا بڵاو کردەوە و هەمان بابەتی لە هەفتەنامەی هاوڵاتی ژمارە ٢٢٦یشدا بڵاو کردۆتەوە.

بابەتەکە چەند هەڵەیەکی زمانەوانی و ڕێزمانی لە کاتی نووسینەوەدا تێکەوتووە و بە هۆی هەڵەی تەکنیکییەوە چەند دێڕێک پەڕیوە.

بە ڕای کاک فەرهاد ئەو هەڵانە بەجارێ بابەتەکەی بێپێز کردووە، هەربۆیە کاک فەرهاد گلەیی و ڕەخنەنامەیەکی بۆ سەرنووسەری هاوڵاتی و گشت سەرنووسەرانی دیکەی کوردستان نووسیوە و لە ژمارەی ٢٢٧ی هاوڵاتیدا بڵاو بۆتەوە. کاک فەرهاد نووسیویەتی کە زیاد لە ١٠ جار ئەو نووسینەی پاکنووس و هەڵەبژێر کردووە، کەچی بەو گشت هەڵە و کەموکووڕییەوە بڵاو کراوەتەوە. سەیر لەوەدایە کە ئەو گلەیینامەیەش، هەر بۆ هۆی تەکنیکییەوە!، چەند وشەی و دێڕێکی لێ پەڕیوە.

ئەمە یەکێکە لە کێشە سەختەکانی سەر ڕێگەی ڕۆژنامەگەریی کوردی، لە دوای ١٠٧ ساڵ تەمەن، کە نەک هەر هاووڵاتی بگرە هیچ بڵاوکراوەیەکی کوردی نییە لێی بەدەر بێت.

*بڕوانە: هاوڵاتی، ژمارە ٢٢٧، ل١٤، ٢٠٠٥/٦/٧*

ئامادەکردنی: تابان عەلی